هاوکاری

التضامن

ژمارە (۱۸۸) ۱۲-۱۰-۱۹۷۳

نرخی (۲۰) فلسە

تەلەفۆن ۲۰۳۶۵

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێو
لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

سەرۆک احمد حسن بکر نامەیەکی لە سەرۆکی میسرەوە پێ گەیشت

سەرەک کۆمار نامەیەکی لە کاک انور ساداتەوە پێ گەیشت تیایدا بایەخی داوەبەوزەو تواناو جەنگاوەری ئەو هێزە ئاسمانیەی عیراق کە لە بەرەی میسر لەشەڕا بەشداراە ، لەگەڵ هەڵوێستە جوامێرانەکەی عیراق کە بەدەستوبردی لەشکری بۆسوریا ناردو بەشێکی ئەمەریکای لە کومپانیای نەوتی بەسرە کرد بەمولکی دەولەت ٠

ئا٥٠ع

جەژایر ستایشی هەڵوێستی عیراق ئەکات

هەروەها سەروک کۆمارکاک احمد حسن بکر نامەیەکی لە سەرۆکی جەزایرەوە پێ گەیشت تیایدا بایەخ ئەدات بە دامەزراندنەوەی پەیوەندی دیپلوماسی لەگەڵ ئێراندا وە سەرۆک بومیدیەن لەنامەکەیدا وتویە ئەم بڕیارەتان لەم زروفەدا زور گرنگە ٠

ئا٥٠ع

٨٥٠ ملیۆن دۆلار زیانی سێ رۆژی ئیسرائیلە

جەنگی دلێرانەی گەلی عەرەب پروپاگەندەکانی ئیسرائیلی بەدرۆخستەوە

١١ دەولەتی ئەفەریقایی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل دائەپچڕێنن

قاهیرە : شام : ئاژانسەکان : ئەو سەرکەوتنە جوامێرانەیەی لەشکری سوریاو میسر ئێوارەی ٥-١٠ بەدەستیانهێنا، سەرەڕای ئەوەی کە ئاگادارانی سیاسی و عەسکەری رای گشتی دنیای سەرسام کرد،ئەو داستانەشی پەدرۆ خستەوەکە لەشکری ئیسرائیل لەشکان نایەت ٠

ئەوەبوو لەئەنجامی کەللەرەقی و درندەیی ئیسرائیل و ئەودەست درێژیانەی بێوچان ئەیکاتە سەرولاتانی عەرەب ، ئێوارەی هەینی رابوردوو ٥-١٠ لەشکری میسر لە ١١ پردەوەلە کەنالی سوێس پەڕیەوە و دلێرانە بەقولی ١٥ کیلومەترە خاکی سینای رزگارکردو خەتی بارلیفی هەڕوبەهەڕوون کرد ٠ لەبەشی ژوروشەوە لەشکری دلێری سوریا بەکۆمەکی لەشکری چەند ولاتێکی تری عەرەب بەشێکی جبل الشیخ وچەند سەنگەرێکی پێشەوەی بەرزاییەکانی گولانی لە دەستدوژمن دەرهانیەوە و لەهەرچوارلاوە گەمارۆی شاری (قنیطرە)ی دا ٠ وە بەپێی ئەو هەواڵانەی لەجبهەی شەڕەوە گەیشتون لەشکری میسرو سوریا دلێرانە بەرەوپێش ئەچن و لەشکری ئیسرائیل وەری بەرداوەوبەکۆمەڵ مەیدانی شەر بەجێ ئەهێلێ ٠

قنطرەو بارلیف

لەلایەکی تریشەوە پەیامنێری (ئا٥٠ع)لە قاهیرەوە رایگەیاند کە یەکێک بەناوی سەرکردایەتی لەشکری میسرە وە ئەڵێت : سەربازانی میسر لەوشەڕەدا نمونەی فیداکاری و گیانبازی بوون ٠٠ کەنالی سوێس ١٦٠ کیلومەترە درێژەو پانایەکەی ٢٠٠ مەترەیە ، لەقەراغی رۆژهەلاتیا سەکویەکی بەرزی ٢٠ مەتری هەیە ٠٠ کەچی بەنگاوەرانمان دلێرانە ١١ پردیان دروست کردو بەسەریا پەڕینەوە و بەسەر سەکۆیەکەدا سەرکەوتن ٠ ئێنجا ناوبراو باسی خەتی بارلیفی کردووە کەدوژمن ٢٣٨ ملیۆن دۆلاری تیادا خەرج کردووەو بەنگاوەرانی میسر ٢٥ سەنگەری گرنگیان تیادا گرتوەو هێزەکانی ئیسرائیلیان زاوتاوە ٠

وەتویە ، لەشکری میسر شاری قنطرەی رزگارکردو ئیساکەش بەرەوپێش ئەڕوا ٠

لەبەرزاییەکانی گولان

هەروەها ئاژانسەکانی دەنگوباس وائەگەیەنن کە شەڕێکی گەورە لە بەرزاییەکانی گولان هەڵگیرساوەو دوژمن نەیتوانیوە هەنگاوێک بەرەو پێش بێت وە هێزەکانی سوریا لە ئاسمانو زەوی یەوە دلێرانە بەرەنگاریان کردووە ٠ وە واچاوەڕوان ئەکرێت کەبەم زووانە قنیطرە - رزگاربکرێت ٠

وەلە سێ یەمین رۆژی شەردا لەمیسر بلاوکرایەوەکە لەشکری میسر لەسینا ٨١ فروکەی دوژمنی خستوتەخوارەوەو ١٢٨ تانکی سوتاندووەو ١٢٣ سەربازی بەدیل گرتوە ٠

هەروەها رۆژی ١٠ - ١٠ بلاوکرایەوە کە لەسینا لیوای زرێپوشی ژمارە ١٩٠- لەناوبراوەو کولونیل عەساف یاگوری فەرماندەی لیواکە بەدیل گیراوە ٠

٨٥٠ ملیون دولار زیانی سێ رۆژی ئیسرائیلە

تەل ئەبیب : تاس : پنحاس سابیر وەزیری دارایی ئیسرائیل بەزمانی عبری لەرادیوی تەل ئەبیب وتی : تاوەکو سێ یەمین رۆژی شەڕی ئەمجارەی نێوان لەشکرەکانی عەرەبو ئیسرائیل، نزیکەی ٨٥٠ ملیون دۆلار زیان لەئیسرائیل کەوتوە ٠ وەوتی پێشنیازێک کە پێشکەش بە کەنیسیت کرابوو دەربارەی کۆکردنەوەی باج ، پەسندکراوە بەپێی ئەم بڕیارە ئەبێ ملیارێک لیرەکۆ بکرێتەوە ٠

لە یادی سەرکردەیەکی قارەمان و جوامێری کورد شێخ مەحمودی نەمرا

لە بیرەوەری ١٧ ساڵەی کۆچی دوایی قارەمانی کوردو کوردستان شێخ مەحمودی نەمردا دوو خاڵی زۆر گرنگو بایەخدارمان دێتەپێش چاو :

یەکەمیان : دڵێری و قارەمانێتی و جوامێری و دڵپاکی و دەستپاکی و داوێن پاکی ئەم ڕۆڵە هەڵگەوتووەی کورد کە بە هیچ جۆرێک لەپاکی و دڵسۆزی و سەربەرزی دا بەقەدەر سەرە دەرزیەک کەلێنی نەخستۆتە لایەڕەی ژیانی خەباتی درێژخایەنو چەند ساڵەی خۆی و ئەو بزوتنەوە کوردایەتیەوەی سەرکردایەتی کردووە ، وەهەمیشە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی بەرەو دوژمنایەتی ئیمپریالیزمو دۆستایەتی سوشیالیزمو پێشکەوتنخواز بردووەو دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزمو ساتووسەوا بووە وە هەرگیز بۆ قازانج و دەستکەوتی تایبەتی خۆی و بنەماڵەی بەرزنجەیی بزوتنەوەی کوردی نەخستۆتە سەر بەڕەی ساتووسەوا ٠ وە ئەو دوو نامەیەی دوای لەناوبردنی حکومەتی شێخ مەحمود لەسلەیمانی ساڵی ١٩٢٣ بۆ هەموو دەوڵەتە گەورەکانی ئەوسای ناردووەو لەتاران دراوە بە نوێنەرەکانیان لەگەڵ ئەو نامەیە لە ٢٠ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٣ی بۆ یەکێتی سۆڤییەت بەهۆی قونسوڵی سۆڤییەتەوە لەتەوریز دوو بەڵگەی گەورەی ئەم لێکدانەوە ڕاستەی ڕەوشت و بیروڕاو هەڵوێستی شێخ مەحمودی نەمرن ٠ لەنامەی یەکەمدا ئەڵێت :-

« ئێمە دانیشتوانی کوردستانی خواروین ، بەردەوام لە جەنگی یەکەمی دنیاوە داوای مافی نەتەوەیی خۆمان ئەکەین ، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز وڵات وێران ئەکەنو خەڵکی ئەکوژن ، وە ئینگلیزەکان نایەڵن دەنگی نارەزایی و شەکوای حاڵکردن بە ڕزکەینەوە ٠٠٠ دانیشتوانی کوردستان هەڕەشەی بۆردومانکردنو هێرشی لەشکریان لێ ئەکرێت ، تا ٢٠٠ خێزان شاری سلەیمانیان بەجێ هێشتووەو مالێکی زۆر تاڵانکراوەو وڵات

بروانە : ل ٦

ماموستا صدام حسین سەری لەوەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نیشتمانی نەوت دا

ڕۆژی ٩-١٠ ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بەپۆنەی میللی کردنی بەشی دوو کومپانیایەکەی ئەمەریکایی لە کۆمپانیای ئەوتی بەسرە ، سەری لەبارەگای وەزارەتی نەوتو کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عیراق دا ٠ وەلەکاتی گەیشتنیا لەلایەن دکتۆر سعدون حمادی وەزیری نەوتو مەعدەنو جێگری وەزارەتەکەو چەندکاربەدەستێکی تر وە پێشوازی کرا ٠

ماموستا صدام لەسەردانەکەیداکە سەعاتێکی خایاند چاوی بەو - ئیجراتاتە - کەوتوە کە وەزارەتەکە ڕای پەڕاندووە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش سەبارەت بەمیللی کردنی بەشی هەردوو کۆمپانیایەکەی ئەمەریکا ٠ ئێنجا ماموستا صدام سەری لەبارەگای کۆمپانیای نیشتمانی نەوت دا وە لەوێ لەلایەن کاک علی هادی جابر جێگری کاروباری تەکنیکی کۆمپانیاکەو دکتۆر عبدالله السیاب جێگری کاروباری ریککەوتنو کۆنفرانسەکانی کومپانیاکەوە پێشوازی کرا ٠٠٠ ماموستا صدام سەری لەبەشەکانی کۆمپانیاکە داو چاوی بەنیشوکارەکانی کەوت ٠ سەردانەکەشی نزیکەی نیو سەعاتی خایاند ٠

ڕواندا و داهومی پەیوەندی یان لەگەڵ ئیسرائیلدا بچڕاند

یەک هێنانی بەرەی نیشتمانی لەبەنگلادیش

دەکا : تاس : ڕۆژی ١٠-١٠ بلاوکرایەوە کە دوای وتووێژو کۆبونەوەیەکی دوورودرێژ بەرەیەکی نیشتمانی لە نێوان سێ پارتی سەرەکی لەبەنگلادیش پێکهات ٠ سێ پارتەکەش بریتین لەپارتی عەوامی فەرمانڕەوا ، پارتی کۆمۆنیست ، پارتی نیشتمانی گەل ٠

وە قوربانعەلی کە سەرکردەیەکی پارتی عەوامی فەرمانڕەوایە وتی : «یەکێتیانی ئەم بەرەیە کارێکی گرنگەو دەورێکی گەورەی ئەبێ لەپەرەپێدانی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بەنگلادیشدا ٠ وەوتی : بڕیاردرا کە هەرسێ پارتیەکە چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی تێکەڵاو پێک بهێنن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری پیویستو ئەو ئەرکەی کەوتۆتە سەر شانیان ٠ لەلایەکی تریشەوە ڕای گشتی بەنگلادیش بەگەرمی پێشوازی لەو تەقەللایەی حکومەتی شیخ مجیب الرحمن کرد ٠ وەوایان داناکە ئەم تەقەللایە ئەبێتە هۆی پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و بەرەی ناوخۆ پتەو تر ئەکاتو ئابواریەساواکەی وڵات بەرەوپێش ئەبات ٠

نەتەوەی کوردو سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەب دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم بەسەرکەوتنی خۆی ئەزانێتە

ئەو شەڕە قارەمانانەی گەلی عەرەب بەگشتی و لەشکری میسرو سوریاو پێشمەرگەکانی فەلەستین بەتایبەتی دژی داگیرکەرە چەپەڵە سەهیۆنیەکان بەرپایان کردوو لەماوەی دوو سێ ڕۆژدا گەلێک سەرکەوتنی سەر سۆزمێنەڕیان بەدەستهێنا هەموو ئەو هاشەو هوشانەی سەهیونیەکانی بەدرۆخستەوە کە گوایە لەشکری ئیسرائیل قەلایەکی سەختی قایمەو عەرەب ناتوانێت زەفەری پێ بەرێت ٠

ئەگەر چاوێک بە شەڕەکانی پێشوی ئیسرائیلدا دژی عەرەب بخشێنینەوە خێرا بومان دەرئەکەوێت کە هەموو جارێک گەورەترین دەولەتی ئیمپریالیستی یان دوو دەولەتی گەورەی ئیمپریالیستی بەئاشکرا شان بەشانی ئیسرائیلی سەهیونی دژی عەرەب کەوتونەتە شەڕەوە ، وە بەو جۆرە توانیویانە چەند بەشێکی بچوکی بێچەکی چاکو پێشکەوتووی لەشکری عەرەب بشکێنن وەکو ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٦٧ ٠

بەڵام ئێستا کە لەشکری میسرو سوریاو عیراقو پێشمەرگەکانی فەلەستینو هەندێ لەشکری دەولەتانی تری عەرەب مەشقی باشیان کردووەو چەکی تازەیان بەدەستەوەیەوکێشو تەرازوی هێزی گەلانو ئیمپریالیزمیش بەلای گەلاندا لاسەنگ بووە ، هەموو ئەو بەندو بالۆزانەی ئیمپریالیزم بەدرۆ کەوتەوەو کاربەدەستە لەخۆبایی بووەکانی ئیسرائیل کەوتونەتە پاکانەکردنو نیوە پارانەوەو نازانن چۆن پینەی شکستەکانی خۆیانو لەشکرە خۆپڕیەیەکانیان بکەن ٠

بێگومان لەشکرە جەنگاوەرەکانی عەرەب ئێستا شەڕێکی سەربەرزانەو دلێرانە ئەکەن دژی لەشکرێکی دڕندەو دەولەتێکی داگیرکەری داردەستی ئیمپریالیزمی دنیا ، شەڕێکی دلێرانەو جوامێرانە ئەکەن لەپێناوی زەوتکراوی خۆیاندا لەپێناوی چوونەوەی سەدان هەزار زەوتکراوی خۆیاندا لەپێناوی چوونەوەی سەدان هەزار فەلەستینی دەربەدەرو ماڵوێران بۆ نیشتمانی خۆیانو رزگاربوون لەژیانی ژێردەوارو دەسندەخۆری بێگانە ٠ بۆیە ئەم شەڕە پیرۆزترین شەڕە کە گەلی عەرەب دەستی داوەتێو پیرۆزترین ڕۆژە کە عەرەب پێی تێناوە ٠

گەلی تێکۆشەری کورد کە ساڵەهای ساڵە بەدەست داگیرکەرانی ڕەگەزپەرستو کۆنەپەرستەوە لەژێر گۆشەی کوردستاندا مافی ڕەوای پێشێل کراوەو سەدان هەزار کەسی لێ دەربەدەری ئەم ناوچەو ئەو ناوچەو ئەم شارو ئەوشاری دەرەوەی کوردستان کراوە پێویستە زۆر بەتوندی دژی هەموو جۆرە کردەوەیەکی وابێت دژی هەرگەلو نەتەوەیەکی تر بکرێتو لەهەر گۆشەیەکی دنیادا رووبدات ٠ بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەک دەستی یارمەتی بۆ گەلی عەرەب درێژبکاتو بەوپەڕی تواناوە یارمەتی تێکۆشەرانی عەرەب بدات لەپێناوی دەستخستنەوەی ولاتی داگیرکراوو مافی زەوتکراوو پێشێل کراویاندا ، بەتایبەتی کە کوردو عەرەب بە شیرازەیەکی تۆندوتۆڵ قازانجو خەباتی شۆڕشگێریان بەیەکەوە بەستراوەتەوەو لەمەیانێکدا لە پێناوی دەستخستنەوەی مافی نەتەوەیی و لابردنی چەوسانندەوەی چینایەتیدا خەبات ئەکەن ٠ جگە لەمانە ئەم کومەکی گەلی کورد لەڕۆژی تەنگانەی گەلی عەرەبدا ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نیشتمان پەروەران و پێشکەوتن خوازانی عەرەب لەجاران زیاتر یارمەتی گەلەکەمان بدەن تاکو زووتر و بەرێگایەکی ئاسانتر بەئامانجە پیرۆزەکانی خۆمان بگەین ٠

وە بەم بۆنەیەشەوە پێویستە باسی ئەو هەڵوێستە جوامێرە شۆڕشگێرییانەی حکومەتی نیشتمان پەروەری عیراق بکەین کە گورج و گۆڵو بێ دوودڵی بەشەکانی کومپانیاکانی ئەمەریکای لەکومپانیای نەوتی بەسرەدا کرد بەمولکی دەولەتی عیراقو بەم هەنگاوە جگەلەوەی بەرەی عەرەبی بەهێزترکرد ، سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری وڵاتی عیراقیشی پتەوو قایمترکرد ٠

ئەمە جگە لەوەی کە هەموو بەشەکانی لەشکری قارەمانی عیراق لەکوردو عەرەبو کەمایەتیەکانی عیراق

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

خەباتی گەلان

ژمارە (۱۸۸) ۱۲-۱۰-۱۹۷۳

کۆماری گینیا- بیساو بەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلێکی تێکۆشەرە

نوسینی : عبدالوهاب تالەبانی

● ڕۆژی ٢٤ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٣ یە ..
لە سووچێکی کیشوەری ئەفەریقادا .. لەدەیەی نێوارانی وڵاتێکی ئیستوائیداودوور لەتانکو فڕۆکەو بەرلووڵەی توپی سەربازە پورتوگالیە داگیرکەرەکان .. لەناوچەیەکی ڕزگارکراوی وڵاتی گینیا - بیساوا ، کۆمەڵی کاربەدەستی شۆڕشگێڕ لەژێر ڕێنمایەکی گەورەی شەهیدی گەلانی ئەفەریقیا (نەمیلکار کابرال)دا کۆبوونەوەو لەپاش لێکۆڵینەوەو قسەو گفتوگۆیەکی گەرم ، یەکێ لە شۆڕشگێڕەکان هەڵساو بە دەنگێکی خرۆشاوی پڕ بڕواوە ڕوی کردە ئەندامانی ئەنجومەنەکەووتی :

پاش ١٤ ساڵ خەباتێکی چەکدارانەی پڕ لەقوربانیدانو شۆڕشی نازادیخوازانەی گەلەکەمان و پاش ئەوەی شۆڕشگێڕانمان بە لەخۆبوردنو فیداکاریان زوربەی زۆری خاکی گینیا - بیساویان ڕزگار کرد .. بە ناوی گەلی گینیا بێساوو دورگەکانی لوتکەی سەوزەوە (جزرالرأس الاخضر) بەناوی پارتە شۆڕشگێڕەکەیەوە (پارتی گینیا - بێساو و دزرگەکانی لوتکەی سەوزی ئەفەریقا) .

لەدایک بوونی دەوڵەتێکی دیموکراتی خاوەن دەسەڵات لەم ناوچەیەدا ڕادەگەیەنین ، داوا لە دەوڵەتانی سەربەستو

نازادیخوازو هەموو کەسانی تێکۆشەری جیهان دەکەین پشتگیریمان بکەنو یارمەتیدەرمان بدەن بۆئەوەی پارچەکانی تری نیشتمانەکەمان لە چنگ داگیرکەرە پورتوگالیەکان ڕزگار بکەین .

بەم جۆرە بانگی لەدایکبوونی ئەم کۆمارە نوێیە دراو . بەرەی میللەتانی تێکۆشەر لەپێناوی ئازادی و پاشەڕۆژێکی باشتردا هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوە چوون و سامناکی و سەرلێ شێواوی و سیمای بەزینیش کەوتە سەر ڕوخساری بەرەی دژ بەمیللەتانو بەشێکیتری پیلانگێڕانەوە و تاکتیک گۆڕین و بڵاوکردنەوەی ڕوباگەندەی دژوار (دضاد) دەستی پێکرد ..

لویس کابرال ، سەرۆکی ئەنجومەنە دەوڵەت

★ نیمپریالیزم لە کیشوەری ناوبراوادا گەلی گینیا - بێساویش چاوی کردەوەو دەستی دایە خەباتێکی کەرمی بێوچان دژی داگیرکەرە پورتوگالیەکان

● ئەم خەباتە چەند شێوەیەکی وەرگرتەوە ..

شێوەی بزوتنەوەی سیاسیو مانگرتنی ئاشتیانە ، کە لەوەبوو لە ٣١ی تەموزی ١٩٥٩دا دانیشتوانی ئەم وڵاتە بۆماوەی مانگێک مانیان لەکارکردن گرتو لەئەنجامیشدا ناچاریکەمپانیای داگیرکەر شێرینەی دریدانەیان بردە سەر مووچەکانو لەوەبوو زەمارەیەکی زۆریان لێ کوژراو بریندار بوو ..

★ شێوەی خەباتی چەکدارانە :

پاش ئەوەی بێ کەڵکی شێوەی یەکەم ئاشکرابوو وە هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ گەلی گینیا - بێساو نەمایەوە ئەمجارە ناچار ڕێگەی خەباتی چەکدارانەو شۆڕشی گرتە بەر بۆ بەربەرەکانی کردنی داگیرکەرە پورتوگالیەکانو دەرکردنیان و دەستەبەر کردنی سەربەخۆیی وڵات .

ئەو هێزە ڕێکخەرە مەزنەش کە پێشڕەوایەتی ئەم بزوتنەوە میللیە ڕەوایەی کەوتە دەست . پارتی سەربەخۆیی گینیا - بیساوو دورگەکانی لوتکەی سەوزە .

لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٦دا هاتنە کایەوە ، وە بەپلەی یەکەم لەناو جوتیاراندا جێگەی خۆی کردۆتەوەو شانەکانی لەناو خەڵکی لادێکاندا چالاکی نواندووەو توانیویەتی زۆربەی زۆری جوتیاران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە .. هونەری ئەم ڕێبازەش هی بیری پێشکەوتنخوازو زانستیانەی ئەیلکار کابرالە کە هەر لەسەرەتاوە بڕوای بەوە هەبوە کە دەبێ جوتیاران ئامادەبکرێن بۆ ئەوەی شۆڕش بگێڕنو ببن بە سووتەمەنیشی ... چونکە شۆڕشی میللیو لە وڵاتێکی وەکو گینیا - بیساودا دەبێ لەلادێوە دەست پێ بکاو هەر ئەویش بڕیاری لەسەر بدەن سەرەڕای ئەمەش ئەئینددی بەمە فایل بوو وە یاساکەی دابەدەست ئەنجومەنی نوێنەران و سەناو بڕیاریان لەسەردا . بەم جۆرە دەوڵەت وای لێهات نەنوانێت دەست بەسەر هیچ کارگەیەکدا بگرێت بەپێی یاسانەبێت، ئیتر ریزەکانی کرێکاران شلۆقی تێکەوتو دەس کەوتەکانیشیان بەهۆی پاشەکشەی دەوڵەتەوە بەرەو لەناوچون ڕۆیی ، وە هەروەها بەمەش لەساڵی ١٩٥٦دا هاتوتە دگیرکەر ..

ئەم بیرکردنەوەیەی پێشەوای کۆچ کردوو لەجێگەی خۆی دابوو وە لەپاش دەستپێکردنی شۆڕش لە ساڵی ١٩٥٩دا دیهاتەکانی گینیا - بێساو بوو بە بنکەی شۆڕشگێڕانو پاڵماری سوپای داگیرکەری پورتوگال دەدرا تاوەکو لە ماوەیەکی کەمدا توانیان دوو سێیەکی نیشتمانەکەیان ڕزگارکەنو فەرمان ڕەوایەتی شۆڕشگێڕانەی پارتی سەربەخۆیی تیا دامەزرێنن .

★ ئەیلکار کابرال کێیە ؟

لەساڵی ١٩٢٤دا لە دورگەی لوتکەی سەوزدا (جزر رأس

بڕوانە ل ٧

بەهیچ شێوەیک لەڕوونا چن

نووسینی : عادل

هەفتەی ڕابردوو لەبارەی هێندێک نوختەی وتوێژی شای ئێران لەگەل هەواڵنووسی هەواڵەری فەرانسە وتارێکمان کە لەئێراندا بڵاو کردەوە . شالەو وتوێژەدا ئیدیعای کردبوو هاتوەو شۆڕشگێڕانی ئێران خاشەبڕ بوونو ئیتر دەستی خاترجەیی خستۆتە ژێر سەری . **حەمەڕەزاشا بۆ بەڵگەی بۆ ئەوئیدیعایە بەخۆڕانانەوەگوتبوی « من ئەم دواییانە ٣٢ کیلومیتر ڕێگای نێوان فرۆکەخانەی تاران و کۆشکی سەعدئابادم لە ترومبیل سەرئاوەڵادا بڕیوە »** وە گوێا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەقسەی شا لەئێران وەزع لە هەموو شوێنێکی دنیا ئارامترە ، چونکە توانیویەتی بەناو دیواری سەرنێزەی ساواک وژاندارمەری دا ٣٢ کیلومیتر بەترومبیل بڕوا .

هەر لەوتاری هەفتەی ڕابردوودا باسی ئەوە کرا کە ئەوە یەکەم فیشالی (اعلیحضرت) و کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران نیەو زۆرجاری دیکەش پایانگەیاندوە کە سۆڕشگێڕانی ئێران لەبن هاتوونو کەس نیە سەری دڵێ لێ بداو سەری نەفەسی هەڵاوێ ، بەڵام هەرزور دەنگی کوللەی ڕۆلە لەگیان - بوازدووەکانی ئێران لە یەکێک لە شەقام و کۆڵانەکانی تاراندا بەرز بۆتەوەو مستێکی ئاسنینی لە دەمی فیشالچیەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا داوەو **ڕووی ڕەشی ڕوان و وافیعیەتی وەزعی ئێرانەرکەوتوە .**

فیشالی نەمجارەشیان لە قانونی فیشالەکانی پڕ بردوویان بەدەر نەبوو ، زۆری پێنەچوو کە چاووڕاوی شۆڕشی ئێران لەگەل هەواڵنووسی هەواڵەری فەرانسە وتارێکمان کە لەئێراندا بڵاو کردەوە . شالەو وتوێژەدا ئیدیعای کردبوو هاتوەو شۆڕشگێڕانی ئێران لەخوارەوە دەستی بە اصطلاح خەراپکاری کۆتایی خاترجەیی خستۆتە ژێر سەری . **حەمەڕەزاشا بۆ بەڵگەی بۆ ئەوئیدیعایە بەخۆڕانانەوەگوتبوی « من ئەم دواییانە ٣٢ کیلومیتر ڕێگای نێوان فرۆکەخانەی تاران و کۆشکی سەعدئابادم لە ترومبیل سەرئاوەڵادا بڕیوە »** وە گوێا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەقسەی شا لەئێران وەزع لە هەموو شوێنێکی دنیا ئارامترە ، چونکە توانیویەتی بەناو دیواری سەرنێزەی ساواک وژاندارمەری دا ٣٢ کیلومیتر

ڕۆخنە
لە بارەی بنجی میژویی چیرۆکی «زەمبیل فرۆش»ەوە

لێکۆڵینەوەی : عەبدوررەقیب یوسف • ئەحمەد تاقانە کردوویە بە کوردی

جۆرە خۆی لەم تۆڕەی میرژن (گول خاتوون) پزگار دەکات .. هتد ..

ئەگەر بەراوردێك لەنێو چیرۆکی زەمبیل فرۆشو گول خاتوونو چیرۆکی یووسفو زولەیخا بکەین ، پتر لە ڕوویەکەوە لەیەك چوونیان تێدا دەبینین • بەڵام زەمبیل فرۆش لەیووسف بەهێزترەو نەبەزترە لەبەردەمی جوانیدا چونکە ئەمەی دواییان هەندەی ئەمابوو بکەوێتە ناو داوی زولەیخاوە « ولقد همت به وهم بها لولا أن رأى برهان ربه كذلك لنصرف عنه السوء والفحشاء انه من عبادنا المخلصين » ـقورئان (سووڕەتی یوسفو) ئایەتی ـ ٢٤ ، کەچی زەمبیل فرۆش خۆی لە قەڵاتەوە خستەخوارەوە •

چیرۆکەکە لەبەرئەوڕەوشت بەرزیەی کە توانای بەرگریەکی بەهێزی ئەوتۆی نەمرکردووە کە گۆی هونەری لە سامانو جوانی بردەوە •• لە کوردستاندا بڕەوێکو پایەو نرخێکی پەیدا کردووەو دەنگی داوەتەوە •• هەروەهایش نموونەیەکی جوانی سەرکەوتنی چەمك (مفهوم) بەسەر (مادە) دای خستووتە سەر ئەدەبی کوردیەوە • نموونەیەکی جیاوازی چیینایەتیی کوردە واریشی بۆ نەمر کردووین لەو سەردەمە گۆڕانەدا •

چیرۆکەکە چەند دەقێکی نووسراوی بەزاراوی کرمانجیی سەروو کرمانجیی حواروو هەیە •• یەکەم کەس لە قالبی شیعری کوردی ـ زاراوی کرمانجی سەروودا تۆماری کردووە (موراداخانی بایەزید)ی شاعیربووە کە لەسەدەی هەژدەهەمدا ، بەڵکوو پاستتر لەساڵی (١١٩٠ ـ ی • ھ)دا بووە ، هەروەکوو خۆی لەگۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێ :

سەدو نەوەد سال بسوری یە پاشی هەزارا هیجری یە موراد خان دبێت سەرهانی یە بشعرو بگوتنەکا خوش

ئەم دەقەیان (٢٥٨) دێڕی هۆنراوە ، شێخ بەشیری کوڕی شێخ محەمەد تاهیر گۆڕی کردووەوە داویە بە مامۆستا گیوی موکریانی بۆ بڵاوکردنەوە ، کە ئەویش لە هەولێرەدا لەساڵی ١٩٦٧دا لەچاپی داوە •

جارێکیتریش ئەدیبی کورد حاجی جوندی چیرۆکەکەی (بەزاراوی کرمانجیی سەروو) کۆکردەوەو لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا بڵاوی کردەوەو مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی کردی بە عەرەبیو لەساڵی ١٩٦٥دا لە (أقاصيص شعبية كردية)دا بڵاوی کردەوە• دەقە (کرمانجی خوارووی)ەکەیش مۆکریانی لەگەڵ دەقە (کرمانجی سەروو) کەیدا بڵاوی کردەوە لەپێشەکی یەکەیدا ووتوویەتی کە لە تۆمارکردنەوەی «لا ئەحمەدی مەلا مەولوودی شنۆیی یە ، حەفتا دێڕە هۆنراوەیە •

ئەم چیرۆکە سەرنجی چەند پۆژهەلاتناسێکی ڕاکێشاوە ، وەکوو : ژابا و ماکاش و پۆدینکۆ •• هەروەها سەرنجی چەند ئەدیبێکی کوردی ئەم سەردەمەیشی ڕاکێشاوە ، وەکوو : گیوی مۆکریانی، حاجی جوندی ، وردی ••

(دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ)یش لە کتێبی (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ل ٤٨ ـ ٤٩)دا ، لەبارەیەوە دواوەو بەدرخان سندیش بۆ بەڵگە لەگەڵ چامەیەکی دانەری ڕێزمانی کوردی (عەلی تەرەماخی)دا کە لەنێوان سەدەکانی (١٦ ـ ١٧)ی • زۆدا ژیاوە •• ئەو چیرۆکە سندی بۆ چەسپاندنی بابەتی (کێشەی نێوان چاك و بەددا) لەئەدەبی کوردیدا) هێناوەتەوە لەگەڵ ئەم هەموو بایەخ پێدانەیشدا کە باسمان کردن، هیچ کامێکیان بەوردی لە چیرۆکەکەی نەکۆڵیوەتەوەو کەسێکیش لایەمیژوویی یەکەی ـ وەك پێویست ـ باس نەکردووە •

ئەدیبە کوردەکان کە باسی چیرۆکێك دەکەن یەکێنووسنەوە بایەخ بەوە نادەن کە بنچە میژوویی یەکانی ڕووبکەنەوە • ماندوویی لێکۆڵینەوەو پێدا چوونەوە ناخەنە سەر ئەستۆیان بۆ ئەوەی لەڕیشەو چۆنی یەتی پەیدابوونی چیرۆکەکەو کات و شوێنی بگەن •• ئەگەرچی زانینی ئەو سەردەمو ناوچەیەی کە چیرۆکێو داستانی فۆلکلۆری تێدا ڕووەدات لە بەهای بەرزبکاتەوەو کەرەستەی میژوویی بەنرخیش بخاتە سەر میزووی کورد ، بەجۆرێك کە دەتوانرێ یاری کۆمەلایەتیو بەرەوپێشەوە چوونی میژوویی کۆمەلگای کوردی لێدەربهێنرێت لەو سەردەمو چاخانەدا کە ئەو چیرۆکانەی تێدا ڕووی داوە• ئەم لایەنانە مەبەستی منن کە بە پشتیوانی ئەم سەرچاوانەی خوارەوە لێکیان بدەمەوە :

Diyarbakir - Besri Kunyar, 1936

لە ـ ل ٣٠٨ی بەرگی سێیەمی ئەم سەرچاوەیەدا دەڵێ : چیرۆکی زەمبیل فرۆش کەتا ئیستایش هەر لەسەر زاری خەڵکەکەدا هەرزیندووە ، ڕووداوی لە قەڵاتەوە خستنە خوارەوەی (ئەبی عەلی شێخ ئەلبەلەد) لێك دەداتەوە •

لەلاپەڕە ٣١٩ی بەرگی سێی هەر ئەو سەرچاوەیەدا لەژێر سەرناوی Zenbil Satan

(واتە : زەمبیل فرۆش)دا دەڵێ : قەڵاتی باکوور (باکووری فارەقین) ، ئەوەی کەکەلاوەکەی گردێك پێك دێنێ هێشتا ناوی ئەو کەلووەی (برج) کە لە ناوەڕاستیدایە لەلایەن خەڵکەوە بەناوی (زەمبیل فرۆش)ەوە دەبەستێ دوای ئەوەی کە دانەرکورتەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە دەڵێ : دوور نیە کە ئەم ئەفسانەیە بەبۆنەی کارەساتی (شێخ ئەلبەلەد ـ ئەبی سالح)ەوە پەیدا بووبێ کە بەدەستی فەرماندەری مەروانی (واتە دۆستەکەی) ئەبی عەلی یەوە لەناوچووە •• کە لە قەڵاتەکەوە خستیە خوارەوە •

ئەم سەرچاوەیەو پێداچوونەوەیەك :

١ ـ (ئەبی سافر) تێكدراوەی (أبى الصقر ـ ئەبی ئەلسەقەر)ە • لەناو بردنی شێخ ئەلبەلەد ـ واتە : شێخی فارەقین ـ (محەمەدی کوڕی ئەبێ سەقەر)و کۆمەڵێك لە دانیشتوانی پایتەختی دەوڵەتی دۆسکەکی ـ فارەقین



بەدەستی شای دۆستەکەی ئەبی عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی مەروانی کوڕی کەك • ڕۆژی جەژنی قوربان بووە لە ساڵی (٣٨٤ ی • ھ ـ ٩٩٤ ی • ز)دا •

ئیبن ئەبی ئەلسەقەر پێشەوای تیپیی بەگژداهاتووی (کتلة المعارضة) فەرمانداری دۆستەکی بوو • میژوونووسی کوردی ،ەزن ـ ئەحمەدی کوڕی یووسفی فارەقی ـ لە ـ ل ٦٦ ـ ٦٩ی (میژووی مەیافارەقینو ئامەد ـ میژووی فارەقی)دا بەپوختی باسی ڕووداوەکە دەکاتو دەڵێ : (فارەقینی یەکان نازیان بەسەر بەنی حەمدان‌دا دەکرد •• لەوانەیش بوو دەست درێژیش بکەنە سەر سەربازو برادەرانی میر (واتە : ئەبی عەلی) لە درێژەدان‌دا بە دەست درێژی یەکانیان) •

بەم جۆرە کە دەست درێژی یەکیان کردە سەر یەکێك لە خزمەکانی ئەبی عەلی لە (سووق ئەلبوز)دا پاوێژی لەگەڵ (مەم)ی یارمەتی دەرە پیرەکەیدا کردو، ئەمیش پیلانێکی بۆ ئامادەکرد کە بەپەندیان بکاتو هەندێکی لێ کوشتنو هەندێکیتر هەڵهاتن (خەڵکەکەیش بە وڵاتداو) بەملاو ئەولادا بڵاوبوونەوە تاکۆتایی ژیانی ، ئەوجا هەندێکیان گەڕانەوەو هەندێکی تریان لە دوور وڵاتدا مردن•

(ئیبن ئەلئەسیر ابن الاثیر) لە ـ ئەلکامل (الکامل) ب ٩ ل ١٤٧)داو ئیبن خەلدون لە (ئەلعیبەر ـ ب ٤ ـ ل ـ ٣١٦)دا بەکورتی ئەم ڕووداویان گێڕاوەتەوەو ئەمەی دوایی‌یان‌لەجیاتی (ئیبن ئەبی سەقەر) ، (ئیبن ئەبی ئەلئەسفەر)ی داناوە•هەروەها ئەم ڕووداوەمان لەبەرگی یەکەمی (الدولة الدستكية في كردستان الوسطى ـ ل ١٣٣ ـ ١٣٤)دا باس کردووە •

٢ ـ زۆر پێی تێدەچێ کە دانیشتوانی (فارەقین) ئەم ڕووداوە سەختەیان تایبەستا لەبیرنەکردبێ ، بەجۆرێ کە نەوە بەنەوە لەگێڕانەوەیدا بەناوی (ئەبی عەلی)و (ئەبی سافر)یان بەستبێ. هەموو ئەوەی کە میژوونوناس (بەسری کونیار)یش ووتوویەتی لەگەڵ ناوی (ئەبی عەلی)و (ئەبی سافر)دا لەزاری خەڵکەوە وەری گرتووەو باسی کردووە •

٣ ـ دیسان دەشێ کە (زەمبیل فرۆش) یەکێك بووبێ لە دەوڵەمەندە ئاوارە بووەکانی ڕووداوەکەو چیرۆکیش لەشارێکی تری کوردستان‌دا ڕووی‌دابێ •• بەڵام خەڵك چیرۆکەکەیان بە چیرۆکی ئیین ئەبی سەقەرەوە بەستبێ ، چونکە یەکێك بووبێ لە دەستو پێوەندەکانی ئەوایی‌دا پۆژگار لێی‌تێك‌دابن بەڵام ئەگەر (زەمبیل فرۆش ـ ئیبن ئەبی ئەلسەقەر) بەخۆی پێتو چیرۆکەکە لەنێو ئەوو ژنی (ئەبی عەلی)دا ڕووی دابێت ، ئەمەیان دووەرە لەوەی کە فارەقی‌و ئەوانیتر باسیان‌کردووە ، چ لەشێوەی‌تر

پروانە ل ـ٧ـ

ئاگرەکان

ئاگری یەکەم :

حەسیب قەرەداخی

ماوەی چەند ساڵێك‌لەمەوبەر
کە ئیستگەکان باسیان‌ئەکرد •••
ئا ئەسووتێ ، وا ڕۆئەچێ !
وا شاخەکان لیتەی ئاگرئەگرنە سەر
وا دەریاکان ، بڵقی ئاگرئەهاونە دەر
خەم ئەخوارد
دەستم بەئەژنۆدا ئەدا
دوایی ئەمووت •• ئەی‌چار چی‌یە ؟
ئەمە هەر بەختی « چیلی»یە !

ئاگری دووەم

چیشتەنگاوێ ، کاتی گەرمەی هەولو خەبات
خەڵکی هەموو چاوەڕێبوون
شۆڕە سواری « چیلی »مەیدان تاکوێ ئەبات ؟
لەپڕ ڕوویدا ••
خەشی ڕەشی دەڵ ڕەشەکان ، تەقی‌یەوە !
شاخەکانی دابەیەکا ،
ڕێی لەچەمو سەرچاوەکان ، بڕی‌یەوە
سەرشانی مەیدانی تاوی، لەشۆڕە سوار تەنی‌یەوە
سەر ئاسنی ئاگربەشان
بەرەو ماڵی شۆڕە سواری کاول‌کراو ، بەقەپکشان
جانەوەرە چاوسووڕەکان
داخیان تەنیا ئەو داخەبوو
کاتێ کە چوونە لای‌سەری
دەستی لەسەر چەخماخەبوو ••
چاویان مەرگبوو
دەستیان مەرگبوو
ناویان مەرگبوو
دەمو دڵو خوێنیان مەرگ بوو
لەپرسەی بێپرسەی‌شارا
دڵی « نیرۆدا »یان وەستان
لەسەر چنگو ئەژنۆهەستان
دەستیان هێنا بەسەردڵا
پێیان خشان بەسەرگوڵا
هەزار چاوی ڕوو لەخۆریان
کرد بەنووکی خەشی‌دڵا

دەنگو باسێك

دەنگ واباوە
هێشتا دنیا هەگەداوە
خوێن زۆرماوە نەپژاوە
ئێش زۆرماوە نەچێژاوە

پروانە ل ـ٧ـ

(کتلة المعارضة) فەرمانداری دۆستەکی بوو • میژوونووسی کوردی ،ەزن ـ ئەحمەدی کوڕی یووسفی فارەقی ـ لە ـ ل ٦٦ ـ ٦٩ی (میژووی مەیافارەقینو ئامەد ـ میژووی فارەقی)دا بەپوختی باسی ڕووداوەکە دەکاتو دەڵێ : (فارەقینی یەکان نازیان بەسەر بەنی حەمدان‌دا دەکرد •• لەوانەیش بوو دەست درێژیش بکەنە سەر سەربازو برادەرانی میر (واتە : ئەبی عەلی) لە درێژەدان‌دا بە دەست درێژی یەکانیان) •

بەم جۆرە کە دەست درێژی یەکیان کردە سەر یەکێك لە خزمەکانی ئەبی عەلی لە (سووق ئەلبوز)دا پاوێژی لەگەڵ (مەم)ی یارمەتی دەرە پیرەکەیدا کردو، ئەمیش پیلانێکی بۆ ئامادەکرد کە بەپەندیان بکاتو هەندێکی لێ کوشتنو هەندێکیتر هەڵهاتن (خەڵکەکەیش بە وڵاتداو) بەملاو ئەولادا بڵاوبوونەوە تاکۆتایی ژیانی ، ئەوجا هەندێکیان گەڕانەوەو هەندێکی تریان لە دوور وڵاتدا مردن•

(ئیبن ئەلئەسیر ابن الاثیر) لە ـ ئەلکامل (الکامل) ب ٩ ل ١٤٧)داو ئیبن خەلدون لە (ئەلعیبەر ـ ب ٤ ـ ل ـ ٣١٦)دا بەکورتی ئەم ڕووداویان گێڕاوەتەوەو ئەمەی دوایی‌یان‌لەجیاتی (ئیبن ئەبی سەقەر) ، (ئیبن ئەبی ئەلئەسفەر)ی داناوە•هەروەها ئەم ڕووداوەمان لەبەرگی یەکەمی (الدولة الدستكية في كردستان الوسطى ـ ل ١٣٣ ـ ١٣٤)دا باس کردووە •

٢ ـ زۆر پێی تێدەچێ کە دانیشتوانی (فارەقین) ئەم ڕووداوە سەختەیان تایبەستا لەبیرنەکردبێ ، بەجۆرێ کە نەوە بەنەوە لەگێڕانەوەیدا بەناوی (ئەبی عەلی)و (ئەبی سافر)یان بەستبێ. هەموو ئەوەی کە میژوونوناس (بەسری کونیار)یش ووتوویەتی لەگەڵ ناوی (ئەبی عەلی)و (ئەبی سافر)دا لەزاری خەڵکەوە وەری گرتووەو باسی کردووە •

٣ ـ دیسان دەشێ کە (زەمبیل فرۆش) یەکێك بووبێ لە دەوڵەمەندە ئاوارە بووەکانی ڕووداوەکەو چیرۆکیش لەشارێکی تری کوردستان‌دا ڕووی‌دابێ •• بەڵام خەڵك چیرۆکەکەیان بە چیرۆکی ئیین ئەبی سەقەرەوە بەستبێ ، چونکە یەکێك بووبێ لە دەستو پێوەندەکانی ئەوایی‌دا پۆژگار لێی‌تێك‌دابن بەڵام ئەگەر (زەمبیل فرۆش ـ ئیبن ئەبی ئەلسەقەر) بەخۆی پێتو چیرۆکەکە لەنێو ئەوو ژنی (ئەبی عەلی)دا ڕووی دابێت ، ئەمەیان دووەرە لەوەی کە فارەقی‌و ئەوانیتر باسیان‌کردووە ، چ لەشێوەی‌تر

پروانە ل ـ٧ـ

لێپرسراوی خوێنەران

● **نامەیەکمان نە کاك ئاری یەوە بۆ هاتوە :**

نامەکە دەربارەی هەندێ پزیشکی سلەیمانی‌و دەرمانی نووسین ئەڵێت :ـ

هەندی پزیشکی سلەیمانی‌دەرمان بۆ دەرمانخانەکان ئەنووسن نەك بۆ نەخۆش)••لەوە ئاشکرا تر لە شوێنێکی تری نامەکە دا ئەڵی : هەندێك‌لە پزیشکەکان لیستەی دەرمانی دەرمانخانەکانیان لایەوەیە‌وبەگوێرەی ئەو لیستەیە دەرمان بۆ نەخۆشە هەژارەکان **ئەنووسن ئیتر باش بێ یا** خراپ ئەوان حەقیان نیە ••نامەکە پەنجە لەسەر ژانێکی گەورە دانەنێ ئەڵی:نەخوشیکی **براەدرم بایی ٢٤ دینار** دەرمانیان بۆ نووسیبو هیچی‌بۆ نەخۆشیەکەی نەشیا ناچار بردم بۆ بغا لەوی بە (دینارونیوێك) دەرمان چاك بووەوە •• **لەوە سەیرتر ئەڵێ :** هەندێ‌جار پزیشکەکان بە نەخۆشەکان ئەڵین چەند ڕۆژلەسەر یەك سەرمان لێ بدەرەوە کەچی هەموو سەر لێدانێك‌پارەی فەحسێکی تازەی لێ ئەسێنن •• لەوەش سەیرترنامەکە ئەڵی : برێن‌پیچەکانی بەردەستی خۆیان ئیواران ئەچن‌بۆلایان پارەی فەحسیان لێ ئەسینن ••! کاك ئاری لەنامەکەیا جگە لە پزیشکەکان باسێکی بچوکی خاوەن‌دەرمانخانەکانیش ئەکات هەر چەند شتێکی وا نیە بەڵام‌لەبەر دڵی کاك ئاری‌و لەبەر ئەوەش ئەیێتە گرێ لە دڵی‌خوێندەوارە بەڕێزەکانمانا سوچێکی ئەدرکێنین ، ئەڵی:هەندی لە خاوەن دەرمانخانەکان ئەو نرخەی کومپانیای‌داوودەرمان لەسەر پاکەتە دەرمانەکان نووسیویانە بەشێوەیەکی مامۆستایانە ئەی کوژێننەوەو خۆیان نرخێکی‌تری بە ئارەزووی خویانی **لەسەر ئەنووسێ !**

● **کاك ئەحمەد رەسوڵپشدەری لەبەغدا :**

ئەو پارچە شیعرەی لەسەرشەهید ئەلیندێ بۆت ئاردبوین دوورو درێژ بوو ، بەگشتی مەفهومی شیعرەکەت لەناو ئەم دو پارچەیەیداناشکرایە ئەوا پێشکەشی ئەکەین : جگە لەوەش دکتور **ئەلیندی خوی نەکوشتووە بەڵکو قارەمانانە بەکوللەی** میلیتاریستە چەپەڵەنوکەرەکانی **ئیمپریالیزمی ئەمەریکا**شەهید بوو •

چەند پیرۆزە ، باوەڕهێنندە بە تین بێ
چەند پیرۆزە ، بڕوا وەك کێوی ئاورین بێ
چەند پیرۆزە ، هەستواسپیو بەفرین بێ
چەند پیرۆزە ، راستی واپان‌و بەرین بێ
دروشمی هەموو ئازادی‌خوازانی زەمین بێ

نەمری لەپلەی وا بەرزانەبێ چۆن بێ
تاری ڕەشە ، پیشکەشی چەرخی دون بێ
پێ چاڵە ، بۆ هەمو پەیڕەوێ‌کە کۆن بێ
گۆڕە ، بۆ ئەوەی لە ڕاستی‌مۆن بێ
پیاوی ئازا ، ئەبێ ئاوا، مەرگ بەزین بێ

● **کاك شیرزاد عبدالڕحمان‌هەولێر :**

ئەو نووسینەی کە لەسەر (زاراوی کۆڕی زانیاری کورد) نووسیبوت لە بەشی خوێندەوارانی ژمارەی ڕابوردودا وەڵامت دراوەتەوەقوربان بەوردی سەیری بکەو گلەیی‌مان لێ مەکە •

● **کاك شێرکۆ عبدالله‌رەشید لە سلیمانی :**

ئەو پارچە هەڵبەستەی‌کە بە ناوونیشانی(بروسکەیەك بۆ بازرگانی خوێن کەر)ناردوتە بە پێوانەی بارو زروفی ڕۆژگارو زەمینەی‌ڕۆژنامە گەری پێوامان کردمان بە دوو بەشەوە بەشی دووەمی‌هێشتا ماومانە بگەینە بووارەی کە تیایا بڵاو بکرێ‌ەوەفەرمو ئەمەش بەشی یەکەمیەتی چەندە لەسەر خۆ ئەڵی :ـ

ئەو کەڵبانەی کە لەمێژە
بۆ گیانی من تیژیان‌ئەکەی
لە بنج‌و بێخ هەڵیان‌کێشە
لاشەی ئەو پلانە پیسەی
کە چەند ساڵە نەخشی‌ئەکەی
زوو بە دەستی خۆت بینیژە •

● **لە کاك احمد کریم‌زامدار لە کەرکوکەوە :•**

نامەیەکمان بۆ هاتووەئەڵێت : « برادەرێکم بەنیازی دڵداری کردن دوای خونفوسێك‌کەوتووە (وەصفی خونفوسەکەی کردوە ••) لێیان بووەبە شەڕ لە پاشا پێی وتووە بمورە وەللاهی وامزانیوەکچیت !» •

● **دیسان کاك احمد کریم‌زامدار :**

هەر لەگەڵ ئەو باسی خونفوسەدا دوو پارچە هەڵبەستی بۆ ناردوین(گەشتێك بە کێرگەی ئازارەکانا لەگەڵ کچی ڕۆژ)قوربان کچی‌ڕۆژ لەبەر ئەوەی لەڕوی تەکنیکی شیعرییەوەلاواز بوو ، قسەی خۆمان بۆ ناوەڕۆکەکەشی زۆر تورە بوو، ئەوەیان جارێ با بمێنێ هەڵبەستی گەشتەکەشت ئەمەندەمان لێ هەڵیژارد :

گیانە !!
لەوەتەی هەم
من لەگەڵ خەم •
خەم لەگەڵ من
بە کێڵگەی‌زامەکانماندێین‌وەچین

ئەم شان‌و ئەو شان

پروانە ل ـ٧ـ

هاوکاری

وڵات له هه‌فته‌یه‌کدا

ژماره (۱۸۸) ۱۲-۱۰-۱۹۷۳

به‌ره‌ی نیشتمانی داوای به‌هێزبوونی به‌ره‌ی ناوخۆ ئه‌کات

لیژنه‌ی به‌رزی به‌ره‌ی نیشتمانی و نه‌ته‌وایه‌تی و پێشکه‌و تنخواز داوای له‌هه‌موو روله‌کانی گه‌ل و پارتی و هێزه نه‌ته‌وایه‌تی و دیموکراتیه‌کان کردووه که زیاتر هه‌ول بده‌ن و له‌پێناوی هاوکاری و یه‌کخستنی وزه‌و خه‌باتا تی‌بکوشن . وه‌له‌م کاته ناسکه‌دا که عێراق به‌ره‌نگاری گلۆله‌یه‌ك پیلان و نه‌خشه‌ی گومان لێکراو بوون پێویسته له هه‌موو کاتێك زیاتر ریزه‌کانی ناوخۆ پته‌وتر بکرێت و به هه‌ردوو ده‌ست ده‌سه‌لاتی نیشتمانی بپاریزین و یه‌کێتی نیشتمانی و به‌ره‌ی ناوخۆمان قایم‌تر بکه‌ین . بۆ ئه‌وه‌ی ده‌سه‌لاتی نیشتمانی به‌باشی بێ‌پرژێته‌وه سه‌رهه‌لوه‌شاندنه‌وه‌ی هه‌موو پیلانه‌کانی دوژمن و ریسه‌کانیان بکاته‌وه به خوری .

ئه‌و به‌ره‌ره‌کانێیه‌ی نیوان ئیمه و ئیمپریالیزم که صهیونیه‌کان ئاگره‌که‌ی خۆش ئه‌که‌ن به‌شی هه‌موو مرۆڤێکی نیشتمانپه‌روه‌ری دلسوزی پێوه‌یه ، وه به‌تایبه‌تی شه‌ری ده‌سه‌ویه‌خه‌ی نیوان گه‌لی عراق به کوردو عه‌ره‌ب و به‌هێزه نیشتمانیه‌کانه‌وه .. له لایه‌ك وه ئیمپریالیزم و داردەسته‌کانی له‌لایه‌کی تره‌وه .

کوماری عیراق له ریزی پیشه‌وه‌ی ئه‌و له‌شکرانه‌داو له یه‌که‌م سه‌نگه‌ری هیلی ئاگری شه‌ری چاره‌نووسدا یه که ئیستا ده‌ستیان له‌یه‌خه‌ی ئیمپریالیزم و صهیونه‌کان گیر کردوه ، وه‌به هه‌ردوو ده‌ستی و به‌بێ ده‌ست‌پاراستنی له داموده‌زگاو به‌رژه‌وه‌ندی ئیمپریالیزم و صهیونیه‌کان بو به‌شه‌کانی کومپانیای نه‌وتی به‌سه‌ره‌ی میلی کردوده‌ستی به‌سه‌ر هه‌مو که‌له‌وپه‌ل و به‌روبوبێکی به‌شی ئه‌مریکادا گرت له کومپانیه‌که‌دا ... دیسان ئه‌وه‌بو له‌به‌ر به‌رژه‌وه‌ندی نیشتمانی داوی کرد که‌له‌گه‌ل ئیران ئاشت‌بیته‌وه و چاره‌سه‌ری هه‌مو ئه‌و گیروگرفتانه بکات که بونه‌ته هوی دل‌به‌شان و به‌یوه‌ندی برینی نیوان هه‌ردوو ده‌وله‌ته‌که وه‌نه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه‌یه که وزه‌و توانای ولات یه‌کلا بیته‌وه و بتوانی باشتر بچیته به‌گژ ئیمپریالیزم و صهیونیه‌کان و سه‌نگه‌ره‌کانی به‌ره‌ی شه‌ریش به‌ره‌و پێشتر بگویزیته‌وه ..

لیژنه‌ی به‌رزی به‌ره‌ی نیشتمانی و نه‌ته‌وایه‌تی پیشکه‌و تنخواز ئه‌م روژگاره‌ی ئه‌مرۆ به روژگاریکی زۆر ناسك ده‌نێ ئینجا له‌به‌رئه‌وه‌یه داوا له هه‌موو روله‌کانی گه‌ل ئه‌کات که ئه‌م کاته نه‌دۆرێت و ئه‌گه‌ر دل‌ساردیه‌کیش هه‌بێ له‌ناو ببرێ و بخرێته پشت‌گوێ ..

به‌یاننامه‌یه‌کی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش ده‌رباره‌ی به‌یوه‌ندی دیپلۆماسی له‌گه‌ڵ ئێران دا

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شورش بڕیاری‌دا که به‌نیازیی پاك و برایانه‌ره پێوه‌ندی دیپلۆماسی له‌گه‌ڵ ده‌وله‌تی ئێرانی دراوسیمانا ببه‌ستێته‌وه‌و ئه‌نجومه‌نه‌که داوای له ده‌وله‌تی ئێران کردووه که له باره‌ی ئه‌وگیرو گرفتانه‌وه بدوین که بوونه‌ته هۆی نیگه‌رانی له نیوان هه‌ردوو لادا ئاماده‌یه له‌م روه‌وه وه‌فدێك بنێرێت بۆ ئاران وه پێشوازی له وه‌فدی ئێران بکات .

حکومه‌تی عیراق ئه‌یه‌وێ له‌سه‌ر بنچینه‌ی ئه‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه پێوه‌ندی یه‌کی به‌ستێته‌وه :

۱- به‌نیازیکی پاکه‌وه چاره‌سه‌رکردن و بنه‌برکردنی ئه‌و گیرگرفتانه‌ی که بونه‌ته هۆی به‌یوه‌ندی برین له نیوان هه‌ردو ولاتدا پێوه‌ندی دیپلۆماسی له‌گه‌ڵ ئێرانا دابمه‌زرێته‌وه .

۲ - داوا کردن له ده‌وله‌تی ئێران که له‌وزه‌ی گیروگرفته‌کانی نیوان هه‌ردوو لاوه گوفتوگۆ بکرێ به جۆرێك که ریزی هه‌ردوو ولاته ئیسلامیه‌که‌و به‌رژه‌وه‌ندی هه‌ردولاره‌چاو بکرێ و پێوه‌ندی دراوسێتی به نیازیکی پاك و خاوێنه‌وه به هه‌ر بکرێ که له‌گه‌ڵ پێوه‌ندی میژوویی هه‌ردوولاتا بگونجێ و جێگه‌ی بێته‌وه .. به‌م جۆره حکومه‌تی عیراق ئاماده‌یه وه‌فدێك بنێرێت بۆ ئاران هه‌روه‌کو ئاماده‌یه پێشوازی وه‌فدی ئێرانیش بکات .

ئێمه به‌هیواین که ئێرانی دراوسێمان به‌پله به‌ده‌نگ ئه‌م بانگه‌وازه برایه‌تیه‌مانه‌وه بێت ، هه‌روه‌کو داوا له هه‌موو ناوچه‌ عه‌ره‌بیه‌کان و ده‌وله‌ته ئیسلامیه‌کانو به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی دراوسێی ئێران و عیراقن و خوێان به دوستمان ئه‌زانن له‌م روه‌وه یارمه‌تیمان بده‌ن و قسه‌ی خێرمان بۆ بکه‌ن .

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شورش

پارێزگاری سلێمانی سوپاسی یه‌کێتی ماموستایانی کوردستان - لقی سلێمانی ئه‌کات

بۆ یه‌کێتی ماموستایانی کوردستان - لقی سلیمانی ل - سوپاس

سوپاسی کوششتان ئه‌که‌ین که جوانترین به‌رهه‌م و دیاریه‌کی نه‌مره پیش که‌ش نه‌وه‌ی کوردی ئه‌که‌ن بۆ دوارۆژێکی روناکی خه‌لکی کوردستان .

هیوادارین که هه‌مو له شۆڕشدا بن بۆ نه‌هێشتنی نه‌خوێنده‌واری و به‌رز کردنه‌وه‌ی پله‌ی زانیاری له‌ژێر دروشمی به‌رزی پیرۆزتانا وه تکامان وایه که‌هه‌موو ماموستایه‌ك خۆی به قه‌رزار بزانێت بۆ ئه‌م مه‌به‌سته . هه‌ر سه‌رکه‌وتوبن .

علی عبدالله امین
پارێزگاری سلیمانی
۲۹-۹-۱۹۷۳

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش بڕیاری دوو کۆمپانیای ئه‌مریکا له‌کۆمپانیای به‌سره‌دا ئه‌کات به‌موڵکی ده‌وڵه‌ت

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش ڕۆژی ۷ی تشرینی یه‌که‌می ساڵی ۱۹۷۳ بڕیاری‌داکه به‌شی هه‌ردوو کومپانیای ئه‌مه‌ریکا شاندردئویل نیوجه‌رسی (ئۆکسن) و موبیل ئویل کورپۆریشن له کومپانیای نه‌وتی به‌سره‌دا بکات به مولکی ده‌وڵه‌ت وه بۆ ئه‌م نیازه ئه‌نجومه‌نی ناوبراو یاسای ژماره (۲۷۰ی ساڵی ۱۹۷۳ ده‌رکرد وه له هه‌مان ڕۆژه‌وه ده‌ست کرا به‌جێبه‌جێ کردنی .

ده‌رکردنی ئه‌م یاسایه‌ش سه‌بارەت به‌وه‌یه که ئه‌مه‌ریکا به چه‌کو به پاره‌و به هه‌موشێوه‌یه‌کی سیاسی و ئابوری یارمه‌تی قه‌واره‌ی سه‌هیونیه‌کان ئه‌دات که ئه‌م قه‌واره‌یه بووه به پاسه‌وانی پاراستنی قازانجی ئیمپریالزم له ناوچه‌که‌دا وه‌ده‌سکه‌لای ده‌ستی بۆ ده‌ست دریژی کردن بۆ سه‌ر شۆڕش و هێزه تێکوشه‌ره‌کانی عه‌ره‌ب شۆڕشی عیراق زایونیزم و ئیمپریالزم له‌یه‌ك جیاناکاته‌وه له‌به‌رئه‌وه پێنا ئه‌باته به‌رهه‌موو چه‌کێکی کاری گه‌ر دژی ئیمپریالزم و زایونیزمی دوژمن .

هه‌روه‌ها داوا له هه‌موو ده‌وله‌ته عه‌ره‌بیه‌کان ئه‌کات که نه‌وت نه‌نێن بۆ ولاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا وه‌هه‌ر ده‌وله‌تیکی تریش یاریده‌ی زایونیزمی دوژمن ئه‌دات .

ئه‌م هه‌فته‌یه له مێژوودا

ڕاست کردنه‌وه‌ی چه‌ند هه‌ڵه‌یه‌ك

که‌ریم شاره‌زا

له ڕۆژنامه‌ی هاوکاری ره‌نگین‌دا گۆشه‌نیگی زۆرخۆش به ناوی « ئه‌م هه‌فته‌یه له‌مێژوودا » کراوه‌ته‌وه‌و مامۆستا نه‌ریمان هه‌رجاره‌زنجیره‌یێك له رووداوی کوردی و عێراقی و عه‌ره‌بی و جیهانی بلاوده‌کاته‌وه‌و ده‌ست ده‌کات و به‌مه‌ش ئه‌رکێکی ناسك و گرنگی گرتوه‌ته ئه‌ستۆ که پێویستی به ئاگادارێکی باش و سه‌رچاوه‌ی میژوویی ڕاست و پشت پێ‌به‌ستراو هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی مرۆڤ تووشی به‌سه‌رچوون و هه‌ڵه نه‌بێ و له‌وڕێ و کرداره‌شیدا مامۆستانه‌ریمان تاراده‌یێکی باش سه‌رکه‌وتوه و شیاوی سوپاسه‌و گۆشه‌که‌شی مایه‌ی پسه‌ندی‌یه‌له‌لام ، وه له‌گه‌ل ده‌رچوونی هه‌ر ژماره‌یێکی هاوکاری جاری گورج چاوێك به‌و رووداوانه‌داده‌گێڕم بۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ زانیاری‌یه‌کانی خۆم ئه‌و ڕاوردیان بکه‌م . تا له‌م دواییه‌دا چه‌ند هه‌ڵه‌یێکی میژوویی سه‌رنجیان ڕاکێشام و بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م هه‌ڵانه به‌بێ‌راست‌کردنه‌وه نه‌مێننه‌وه وام به پێویست زانی که لێره‌دا ده‌ریان ببڕم و ڕاستیان بکه‌مه‌وه :

۱ - له‌ژماره (۱۸۷) ده‌ستپێان بۆ ئه‌و به‌واره له‌ووتاریکیا له کونگره‌ی گشتی له‌ژێر ناوی ئه‌م هه‌فته له‌مێژوودا دا ده‌ژێرکردوه و له ۷ی تشرینی نیقابه‌ی ماموستایانی عێراقدا [له‌ژێره‌وه‌ی نووسیووه - ئه‌م دووه‌می داهاتوودا واتا دوای هه‌مو جۆره کونگره‌یێکی هه‌فته‌یه‌مان له ٦ تا ۱۲ی مانگیکی تر له‌هه‌موکۆشه‌یێکی ناوخۆیی نیقابه‌ی ماموستایانی تشرینی یه‌که‌م ئه‌گرێته‌وه] و جیهاندا بیره‌وه‌ری شورشی له‌ڕووداوی جیهانی له‌لاپه‌ڕه قه‌ده‌غه‌کردو چی‌تر کۆنگره‌ی (۷)دا نووسیوویه‌تی : ئۆکتوبه‌ر ده‌کرێته‌وه !!

۲ - وه له ژماره‌ی ۱۸٤ی ڕێکه‌وتی ۱٤-۹-۱۹۷۳ دا نووسیوویه‌تی :

له ۱۵ی ئابی ۱۹٦۱دا دووهم کۆنگره‌ی ماموستایانی کورد له شه‌قلاوه به‌سترا . به‌ڵام ڕاسته‌که‌ی ئه‌وه‌یه که له ۱۰-۱۳ی ئه‌یلوولی ۱۹۵۹دا کونگره‌ی یه‌که‌می ماموستایانی کورد له شه‌قلاوه به‌سترا‌وه ئاهه‌نگی کردنه‌وه‌ی له‌سه‌ر هه‌ندێ گیروگرفتی وه‌ك ناونانی (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی خوێندنی کوردی به‌م ناوه‌ی ئیستای یا به ناوی (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی زانیاری کوردستان) دوا خرا بۆ ڕۆژی ۱۱ی ئه‌یلوول و ئه‌وکاته من یه‌کێك بووم له پێناسه‌کانی ئه‌و کۆنگره‌یه بۆیه ئاگاداریێکی ڕاسته‌وخۆم هه‌یه له‌به‌رواره و ڕووداوه‌کانی‌دا .

۳ - وه له ژماره ۱۷۹ی ڕێکه‌وتی ۱۰-۸-۱۹۷۳ دا نووسیوویه‌تی :

له ۱۵ی ئابی ۱۹٦۱دا دووهم کۆنگره‌ی ماموستایانی کورد له شه‌قلاوه به‌سترا . به‌ڵام ڕاسته‌که‌ی ئه‌وه‌یه که له ۱۵ی ئابی ۱۹٦۰ نه‌ك ۱۹٦۱دا به‌سترا‌وه . چونکه له‌شوباتی ۱۹٦۱دا عبدالکریم قاسم له‌ڕۆژی ۱۷ی ئه‌یلوولی ۱۹۵۹دا کونگره‌ی یه‌که‌می ماموستایانی کورد له شه‌قلاوه گیرا . که‌چی ڕاسته‌که‌ی ئه‌وه‌یه که له ۱۰-۱۳ی ئه‌یلوولی ۱۹۵۹دا کونگره‌ی یه‌که‌می ماموستایانی کورد به‌سترا‌وه‌و ئاهه‌نگی کردنه‌وه‌ی له‌سه‌ر هه‌ندێ گیروگرفتی وه‌ك ناونانی (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی خوێندنی کوردی به‌م ناوه‌ی ئیستای یا به ناوی (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی زانیاری کوردستان) دوا خرا بۆ ڕۆژی ۱۱ی ئه‌یلوول و ئه‌وکاته من یه‌کێك بووم له پێناسه‌کانی ئه‌و کۆنگره‌یه بۆیه ئاگاداریێکی ڕاسته‌وخۆم هه‌یه له‌به‌رواره و ڕووداوه‌کانی‌دا .

٤ - وه له ژماره ۱۷۹ی ڕێکه‌وتی ۱-۱۰-۱۹۷۳ دا نووسیوویه‌تی :

۷ی حوزه‌یرانی ۱۹٦۳ ڕۆژی شه‌هیدانی سلیمانی .

به‌ڵام له‌ڕاستی ۹ی حوزه‌یرانی ۱۹٦۳ دانراوه به ڕۆژی شه‌هیدانی کوردستان نه‌ك ۷ی حوزه‌یران .

● وه‌له کۆتایی‌دا تێبینی‌یه‌کی زه‌ق سه‌رنجی لێکدانه‌وه‌م ڕاده‌کێشێ به‌رامبه‌ر به‌ نووسینه‌کانی مامۆستا نه‌ریمان له‌و گۆشه‌یه‌ی‌که به ناونیشانی (کوردو کوردستانه‌که‌ت بناسه) پێشکه‌شی ده‌کات‌و ده‌لێم خۆزیا مامۆستای دۆستم له‌کاتی نووسینی باسه میژوویه‌کانی‌دا ده‌ستی بۆ سه‌رچاوه‌کانیان دێژ بکردایه تاکو بتوانین باشتر پشت به‌باسه میژوییه‌کانی ببه‌ستین ، له‌گه‌ل ڕێزو سوپاسمان بۆی .

گۆشه‌ی ته‌ندروستی

ڕۆژوو ته‌ندروستی

دکتور نه‌وزاد

ناکو پێویه‌ندی نێوان ڕۆژووگرتن و ته‌ندروستی به‌وردی بخه‌ینه به‌رچاو پێویسته پێش هه‌موو شتێك ئاوڕاستی‌یه بخه‌ینه ڕوو که ئاده‌میزادی خاوه‌ن له‌شی ساغ و ته‌ندروستی چاك واتا ئاده‌میزادیک هیچ نه‌خوشی‌یه‌کی نه‌بێت ڕۆژووگرتن هیچ زیانێکی پێ ناگه‌یه‌نێت ، به‌ڵکو ڕۆژووگرتن قازانجیشی هه‌یه به‌تایبه‌تی بۆ ئه‌وانه‌ی هه‌میشه گه‌ده (معده)و ڕیخۆله‌کانیان به‌هۆی خواردنه‌وه له‌کارکردن ئه‌که‌وێ ئه‌وا ئه‌و ناحه‌سێنه‌وه . که‌واتا ئه‌و دوانزه سه‌عاته‌ی ڕۆژووان هیچ خواردن و خواردنه‌وه‌یه‌ك ناخۆن و ناخۆنه‌وه ، ئه‌وه ئه‌ندامانه‌ی له‌شیان ئه‌حه‌سێننه‌وه که به‌خواردن و خواردنه‌وه‌وه خه‌ریك ئه‌بن وه له‌مه سوود وه‌رئه‌گرن .

به‌ڵام ئه‌و که‌سانه‌ی دووچاری نه‌خوشی (قورحه)ی گده (معده) یان هه‌وکردنی (معده)و ڕیخوله‌کان ئه‌بن ، ڕۆژوو گرتن زیانیان پێ ئه‌گه‌یه‌نێت چونکه نابێت (معده)یان چۆڵ بێت تاکو تووشی ژاری نه‌یه‌ن .

هه‌روه‌ها بۆ نه‌خوشی گورچیله باش نی‌یه چونکه ئه‌وانه‌ی دووچاری نه‌خوشی گورچیله ئه‌بن پێویسته ئاوو زۆر بخزنه‌وه .

هه‌روه‌ها هه‌ندی نه‌خوشی‌ترهه‌ن که بۆ چاك بونه‌وه‌یان پێویسته له‌سه‌ر مروف ناوبه‌ناو ده‌رمان بخزن وه‌کو نه‌خوشی دل ، ئه‌م جۆره مروفانه‌ش دیاره ڕۆژووبان پێ ناگیرێت . به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌مانه‌وه هه‌ندی نه‌خوشی‌تر هه‌ن ڕۆژووبگرن سوودی لێ‌وه‌رئه‌گرن وه‌کو ئه‌وانه‌ی تووشی نه‌خوشی شه‌کر بوون یان نه‌خوشی پاله‌په‌ستۆی خوێن (ضغط الدم) وه نه‌خوشی ره‌قبوونی بوری‌یه‌کانی خوێن (تصلب الشرایین) وه هه‌ندی نه‌خوشی دل که به‌ڕۆبونه‌وه‌ی چه‌وری په‌یدا ئه‌بن .

ئه‌م هه‌فته‌یه له مێژوودا

نه‌ریمان

ئه‌م هه‌فته‌یه‌مان که له ۱۳تا ۱۹ی تشرینی یه‌که‌م ئه‌گرێته‌وه‌و ڕێکه‌وتی ۱۸ تا ۲٤ی مانگی ره‌مه‌زانی پیرۆزه‌و هه‌روه‌ها ڕێکه‌وتی ۲۱ تا ۲۷ی ره‌زبه‌ری کوردی‌یه ئه‌م ڕووداو گرنگانه‌ی تیادا قه‌وماوه :

ڕووداوی ئاینی - به‌هۆی مانگی ره‌مه‌زانه‌وه :-

له ۱۹ی ره‌مه‌زانی ٤۰ی کۆچیدا ئیمام عه‌لی (خ . ل) بریندارکرا .

له ۲۰ی ره‌مه‌زانی ۸ی کۆچیدا شاری (مکه) فتح کرا .

له ۲۱ی ره‌مه‌زانی ٤۰ی کۆچیدا ئیمامی (عه‌لی) کۆچی دوایی کرد .

ڕووداوی کوردی :

له ۱٦ی تشرینی یه‌که‌می ۱۹٤٦دا ڕێکه‌وتنێك له نێوان کۆماری کوردستانی ئێران و ژنرایجان مۆرکرا .

له ۱۷ی تشرینی ۱۹۳۵ دا بزوتنه‌وه‌ی یه‌زیدیکان دامرکایه‌وه .

له ۱۸ی تشرینی ۱۹۵۷دا لافاوێکی سامناك له سلێمانی ڕووی‌دا .

ڕووداوی عێراقی و عه‌ره‌بی :

له ۱٤ی تشرینی ۱۹۲۷دا یه‌که‌م بیری نه‌وت له‌که‌رکوك هه‌ڵکه‌ندرا .

له ۱٤ی تشرینی ۱۹٦۸دا کۆماری یه‌مه‌نی دیموکراتی دامه‌زرا .

له ۱۷ی تشرینی ۱۹۷۲دا هه‌ردوو کۆماری یه‌مه‌ن به‌یه‌کداهاتن .

له ۱۹ی تشرینی ۱۹٤۷دا به‌پێی ئه‌و سه‌رژمێره‌ی ئه‌م ڕۆژه‌له‌عێراقدا کرا ده‌رکه‌وت که‌له‌عێراق ۵۰۰ر۷۹۰ر٤ که‌س هه‌یه له‌مانه ۱۷۰ر۲۵۲ر۲ی نێرینه‌ن .

ڕووداوی جیهانی

له ۱٤ی تشرینی ۱۹۲٤دا تاجیکستانی سۆڤیاتی بووبه کۆماریکی خاوه‌ن ئۆتۆنۆمی . له ۱۷ی تشرینی ۱۹۷۰دا لوناخۆدی سۆڤیاتی یه‌کێم به هێمنی له سه‌رمانگ نیشته‌وه . له ۱۸ی تشرینی ۱۹۳۱دا تۆماس ئه‌دیسون له‌ئه‌مه‌ریکا کوچی دوایی کرد .

کورد و کوردستانه‌که‌ت بناسه

ابن دینار :

یه‌کێکه له پزیشکه هه‌ره به‌ناوبانگه‌کانی ئیسلام ، هاوچه‌رخی خه‌لیفه (نصیر الدوله)ی کوری مه‌روان بووه‌و له میافارقین ژیاوه . له‌گرتنه‌وه‌ی ده‌رماندا ده‌ستێکی دڕێژی هه‌بووه‌ و ده‌رمانێکی به‌که‌لکی به‌ناوبانگی گرتوه‌ته‌وه به‌ناوی **(شه‌راب دینار)** - **ه ناسراوه . ابن دینار کتێبێکی له‌ژانیاری** پزیشکی به‌ناو (اقرباذین) - ه‌ره‌نوسیوه‌ته‌وه .

ابن هشطوب :

زانای (میر عمادالدین ابو العباس احمدسیف الدین) - ه باپیره‌ی حوکمرانی ته‌واوی هه‌ڕێمی ئامیدی‌و هه‌کاری گردووه ، باوکیشی یه‌کێك بووه له‌فه‌رمانده‌کانی میر صلاح‌الدین ئه‌یوبی‌و له‌به‌رئازایه‌تی‌و دڵسوزی هه‌ڕێمی (زابلس)ی پێ به‌خشیوه . میر عماد الدین له‌سه‌ره‌تای ژیانیا وه‌کو باووباپیری دڵسوزی میره‌کانی ئه‌یوبی بوه به‌ڵام که‌لایدا ئه‌و پایه‌ی له‌کیس چوو ، به‌مه‌وه نه‌وه‌ستا چوه میسر له‌وێ له ملك اشرف مظفرالدین ایوبی یاخی‌بووه ده‌ستی کرده‌ڕاووروت والی موسڵ (لؤلؤ) توانی به‌فێڵ په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ بکاو رایکێشێته موسڵ‌و دای به‌ده‌ست ملك (اشرف) ه‌وه ئه‌میش له تۆڵه‌ی ئه‌و لادانه‌یداخستیه به‌ندیخانه‌وه ، له‌ساڵی ٥۷۵ی کۆچی له‌به‌ندیخانه مرد .

۱۳۰ ئیجازه‌ی دامه‌زراندنی پرۆژه‌ی نوێ

به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گه‌شه‌پێکردنی پیشه‌سازی له‌سه‌ری مانگی نیسانه‌وه تاماڵگی ئه‌یلولی رابوردوو ۱۱ هه‌زارو ٦۰۱ ئیجازه‌ی داوه‌بۆ هینانی ماکینه‌و که‌ل‌وپه‌ل ئیحتیاتی له‌ده‌ره‌وه‌ی ولات ، ئه‌م ئیجازانه بایی ۳٦ ملیون‌و ۵۰۰ هه‌زار دینار ئه‌بێت .

لێ‌پرسراویک له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی‌یه‌که‌ ڕای‌گه‌یاندووه که ۱۳۰ ئیجازه‌ی تر ته‌واو بووه بۆ ئه‌وه‌ی چه‌ند پرۆژه‌یه‌کی پیشه‌سازی نوێی پێ‌دابمه‌زرێنرێت ئه‌مه جگه له‌و یارمه‌تی‌یه‌ی به‌ڕیوه‌به‌رایه‌تی له‌وه‌وه‌ی شه‌ش مانگی رابوردوه داویه‌تی به چاوپۆش کردن له‌ره‌سمی گومرك ئه‌و ماکینه‌و که‌ل‌و په‌له‌ی له‌ده‌ره‌وه‌ی ولات هێنراوه که بایی ۳ملیون‌و ٦۵۰ هه‌زار دینار بووه .

لێ‌پرسراوه‌که ئه‌وه‌شی وتوه که به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی‌یه‌که‌یان ئێستا خه‌ریکی لێکولینه‌وه‌ی ئه‌وه‌یه که بزانی له ماوه‌ی ساڵی ۱۹۷٤ - ۱۹۷۵ پرۆژه پیشه سازی‌یه‌کان مه‌وادو که‌ل‌وپه‌لیان چه‌ند پێویسته .

پشتگیری
هه‌ره‌وه‌زکاری‌یه‌کان

به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی **هه‌ره‌وه‌زکاری‌یه‌کانی کشتوکاڵ ۲۱ هه‌زارو ۵۰۰ دیناری به‌قه‌رز داوه به‌سێ هه‌ره‌وه‌زکاری کشتوکاڵی له‌ناحیه‌ی العزیزیه له‌پارێزگای میسانا ، تاکو له پرۆژه‌ی سامانی ئاژه‌ڵ‌وه بۆ کرینی هه‌کینه‌ی کشتوکاڵی سوودی لێ‌وه‌ربگرن .**

چی پێویسته

مجید نه‌دیم

چی ئه‌گاته ئه‌و ده‌مه‌ی دنیامه‌به‌سنت ڕاژه‌نێت بۆکێ ئاوات پێکی باده‌ی پر له‌ئۆخه‌ی دائه‌نێت دیاره له‌وه خۆشترنیه کۆمه‌ل بێ‌جیاوازی نه‌ته‌وه‌و طائفه‌و ئایین‌و چینه هه‌ست‌رونا که‌کان له‌کۆشی به‌ختیاری‌دابژین‌و بروانن ئاسۆی فراوان‌و ورشه‌دارتر بیر له‌ڕیگای تازه‌تر بکه‌نه‌وه بۆ پێشکه‌وتن . له‌وه‌ش جوانتر نیه هه‌ستی برایه‌تی‌و دلسۆزی‌و خۆشه‌ویستی پرشنگه جوانه‌کانی ڕیگای ئێستاو دوارۆژمان پیشان بده‌ن .

دامه‌زراندنی ده‌رچوانی قوتابخانه‌ی (الفنون المنزلیة) هونه‌ری ناومالو هاندانی به‌رهه‌می نه‌ته‌وایه‌تی وه‌ك کردنه‌وه‌ی به‌شێك له‌گارگه‌ی (چنینی ماقور) له ناوچه‌ی هه‌ولێرو سلیمانی .. به‌خێباری ئه‌مڕۆ روناکی دوارۆژمان پیشان‌ئه‌دات .. ئه‌گه‌ر بهاتایه (بایه‌خ زیاتر بدرایه به فراوان کردن‌و ڕۆرکردنی کارگه‌کان (له‌عراق)داو به‌تایبه‌تی له (کوردستان) دا که هۆیه‌کی گه‌وره‌یه بۆ سه‌رگرتن‌و پێشکه‌وتنی باری پیویستی‌و به‌رهه‌م ..

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ناوچه‌ی کوردستان له‌باره‌ی ده‌سته‌ی ئیش کردنه‌وه له‌باره‌ی بونی (مواد)ی پیویسته‌وه ده‌وله‌مه‌نده وه بۆ ئه‌وه‌مه‌به‌سته ئه‌م هه‌نگاوه تازه پیشکه‌وتوانه‌یه‌ش وه‌ك هه‌نگاوه‌نیشتمانیه‌کانی له‌مه‌وپێش ئه‌بێته هۆی .

۱ - نه‌هێشتنی بێ ئیشی له شاره‌کاناو به‌هێزکردنی ده‌ستی ئیش کردن‌و زۆرکردنی‌شتی پێویست بۆ ناوخۆو ده‌ره‌وه‌ی ولات .

۲ - به‌ربه‌ره‌کانی کردن‌و چه‌گنا نه‌بونه‌وه‌ی به‌رهه‌می بێگانه له‌ناو بازاری ناوخۆدا .

جا ئه‌گه‌ر ئه‌م کاره پیرۆزانه‌ی‌هاتونه‌ته دی ودینه‌دی بۆ خزمه‌تی گه‌ل‌و ولات (هه‌رزان کردنی پیویستیه‌کانی هاو نیشتمانی له‌خواردەمه‌نی‌و جل‌و به‌رگ‌و .. چاك کردنی باری خانووبه‌ره) له‌گه‌ڵدا بوایه .. ورده ورده بۆ چاره‌سه‌رکردنی هه‌مو گیروگرفته‌کانی ناو ولات ئه‌ڕۆیشتن و کونه‌په‌رستانمان به‌ره‌به‌ره له‌ناو ئه‌بردو بالی‌ره‌شی دواکه‌وتوییمان له‌بنا ئه‌شکاند .. به‌ڵام کورد ئه‌ڵێت چه‌پله به‌یه‌ك ده‌ست لێ نادری هیوام وایه چه‌پله‌ی کامه‌رانی‌وشایی سه‌رگۆڕیچه‌ی مردنی بێ ئیشی‌و نه‌خوێنده‌واری‌وجیاوازی .. به‌ده‌ستی هه‌ردوو لا بێته تاگوێچکه‌ی دوژمنانی‌گول‌و روناکی که‌پڕبکات‌و ئاهه‌نگ‌و هه‌ڵپه‌رینه‌که‌شمان خۆشتر بێته .

لاپه‌ره - ٤ -

Institut kurde de paris

شەهسواری هوزانا کوردی

قەدری جان ۱۹۱۶/۱۹۷۲

مصدق توفی

لسالا پار ۲۹ی هەیفا نەباخێ جلفەکا خەمبار دلێ رەوشن بیرێن کورد لەقاند ، ڕۆژنامە (تاخی) دەنگێ مرنا هوزانڤانێ دلسوژێ مشەختی درێکا کوردایەتیێ دانڤیسی ، قەلەم تڤەنگێ کوردستانا ژوری شەهسواری قادا پەیفا کوردی (قەدری جان) گەهاندیە هەمی کوردەکێ دلسوز .

پروژا ۹ی هەیفا تەباخێ ژسالا ۱۹۷۲ی ستێرا ژیانا ڤی هوزانڤانی ڤەمریا کو هێشتاسێ پشکێت کوردستانێ دڤەمراندا نەتەوایەتی ئوتەخیدا دژین .

کوردێن کورد لڤان دەڤەرانەشیاینە ئان نە وێرانیە ژدلێ خو بو بەرزەبونا ڤی هوزانڤانی بکەنەگری ئوڕوندکا بوداوە رینن .

گوڤارو ڕوژنامێت کوردستانا عیراقێ بدلەکێ تەنگێ پڕ داخ هە واتێ مرنا وی هوزانڤانی بەلافکر ، ژڤانا خو نوی کر کو تڤەنگا وی نەدانن .

ڕوژنامە تاخی دژمارا ۱۱۲۶ی دا بەرپەرێ ئەدەبی کوردی بو بەهیا وی تەرخانکر ، هەڤالێ وی د. عزالدین مصطفی رسول چەند هوزانێت وی وەرگێڕا بونەعەرەبی ، وئگوتارەکا ژێهاتی د ژمارا ۷۴ ی دڕوژنامە ژینێ دا بەلافکربو .

سەیدایێ هوزانڤا عبدالرحمن مزویری گوتارەکا کورت بنافی (قەدری جان) دگوڤارا (دەنگێ ماموستا) لژمارا ۸ی ۱۹۷۳ ی بوجانێ وی کربو دیاری . ڕوژنامە بیری نوی روژا کوردستانێ چەند ڕێزەک لسەر نڤیسیبون .

من ژی دژمارا (۱۳۹)ێ دا ڕڕوژنامە خوشتڤی هاوکاری گوتارەکا کورت نڤیسیبو ، بەرهەمێن وی ل ۲۹ ێ ژ چریا ئێکێ بەلافکر ، من دڤێت ژچەند لایەکێ دیڤە ژژمانو هوزانێت وی ڤەکولین :

قەدری جان لکوندێ دێرکێ لکوردستانا بزوری بتورکیای ڤەهاتیە گرێدان ، فرمانێ وی یێ ئەدەبی بسەرزمانێ ئەدەبی یێ خانی ومەلایێ جزیری ڤە دچیت ئوبەر فرەهتر چنکو قەدری جان شەهرەزا یەکامەزن هەبو دزارافێ دەڤەرێن دیدا . لەوخاسمە دزارافێ کرمانجی . بەرهەمێن قەدری جانی لهەر چار پشکێت کوردستانێ بەلاف دبون ،ژبەر هندێ بکوردیەکا ساناهی وتێکەل ژپەیڤێن هەمی دەڤەرا دنڤیسی وەکی :

ئەم دچن ، خوە ، دەریائی دەڤێ د (جەندگەل) نەول، بەرف باگەر ، تازی ، کوڤیان، بزدیان . ئارمانج . خویا . شون جێگە . بار . کروانێ مە . گوافارا رورناهی ژمارا (۱)ێ لسالا ۱۹۳۲ ێ بەغدا چما . چقاس . جەم . پیان . کور - کویر . نهان - دیارهیڤین ، خوەرا ، بکالە ، ئود هەوارێ داژمارا ۱۳ ێ لسالا۱۹۳۲ ێ شام . دیسان زارافێ بوتان یێ بکار ئینای وەکی (یێن) نەکو (یێت - یێد) وەکی پەردێن ، شەقێن ، نوکەرێن کوردین ، کەسێن، وی ژەهمی کەسێت دی کێم ترپەیڤێن بیانی بکار ئینایە ، دیسان قەدری جان وەلات پارێز بو ئو دەمەکێ دربز (سیاسەتێ دا) یاشول کری، شورشگێرەک بو یێ ببیرو باوەری ، دەنگێ شورشگێرێت کوردستانا تورکیا وەردگێڕا بو لاوێت مللەتی ، وەکی ڤان ڕێزا :

ئاخ وەلاتو ئاخ وەلاتو ڕوژا مە زوی لێ نەهاتو

باقو بڕێن چاوانن چما خەبەر ژێ نەهاتو
ئیشەف من دیت خەونەک بترس
قو کەرەمکی ژ من بپرس
ئەز جارەکێ دەست پێ بکەم داتو ببینی چ چقاس بترس

بێگومان زمانێ هەر مللەتەکی دیوارەکە ژچار دیوارێت بنگەهێ مانو بونێت وی مللەتی ،

هەر مللەتەک بزمانێ خو دبێنەچرای (فانوسێ) دهێتە نیاسین . چاوا هەر مللەتەک بێ ئێکە تیا ئابوری وجوغرافی ئومێژووی نەکاریت وەلاتێ خو بدەتە نیاسین وەسا بێ زمان تورو ڕەوشتێت وی مللەتی ناهێنەزانین ئەکەر زمانێ خو بدرستاهی بکارنە - ئینیت . دیسان پارچەکرنا هەر مللەتەکی دناف چار دیوارادا ، وەک پارچەکرنا زمانیە ، بەلێ گەلەک زمان مەێت دیتین بگەلەک (زاراڤا) شیوا دهێتەخاندنو نڤیسین ، ئەڤنە زیانەچنکی بنەتار هەئێکە ، هەکە زمان ئێک نەبیت دیارە ئەو مللەت ئێک نینە ، دڤیرەدا زمانێ جودایەئو شێوە (لەهجە) یا جودایە ، دڤێت ئەم لێ ڤالوزنەبین دڤیرەدا ژبلی شێوا لهەر دەڤەرەکێ دبیت تشتەکی ناف بکەن بتشتەکێ سەربخو ... نەکو هندەک بێژن ئەڤە جوداهیە .. نە ... وەکی لئامێدێ

بایەکێ ڕەش هاتە ژ ژور لسەر مەکرە بورم بور
بگرین داکاغەزەک سور دناڤدا هەبون دوتایێن پور

داخازێ ژ کوڕێت مللەتی دکەت کو لدیف رێیا شێخ سەعیدێ پیرانی بچن وپشتگیر بن بو شوڕشاوی :
کاغەز بخوینا بران بو
هەردوتاپورێن خوە هان بو
مەعنا وان کو روگرانبو ژ فالا پیری نهان بو
برائێن مەتینە کوشتن بخوینێن خو تێنە شیشتن
خوەهین پورێن شاندنە یانی چما هوین ڕوینشتن

خەونا هشیاریێ گوفارا هاوار ژمارا ۱۳ ێ سالا ۱۹۳۲ ێ شام . دیسان قەدری جانێ ڕاپەرینا ملله‌تی کوردی بو بەرزەبونا ڤی هوزانڤانی بکەنەگری ئوڕوندکا بوداوە رینن .

گوڤارو ڕوژنامێت کوردستانا عیراقێ بدلەکێ تەنگێ پڕ داخ هە واتێ مرنا وی هوزانڤانی بەلافکر ، ژڤانا خو نوی کر کو تڤەنگا وی نەدانن .

ڕوژنامە تاخی دژمارا ۱۱۲۶ ی دا بەرپەرێ ئەدەبی کوردی بو بەهیا وی تەرخانکر ، هەڤالێ وی د. عزالدین مصطفی رسول چەند هوزانێت وی وەرگێڕا بونەعەرەبی ، وئگوتارەکا ژێهاتی د ژمارا ۷۴ ی دڕوژنامە ژینێ دا بەلافکربو .

سەیدایێ هوزانڤا عبدالرحمن مزویری گوتارەکا کورت بنافی (قەدری جان) دگوڤارا (دەنگێ ماموستا) لژمارا ۸ی ۱۹۷۳ ی بوجانێ وی کربو دیاری . ڕوژنامە بیری نوی روژا کوردستانێ چەند ڕێزەک لسەر نڤیسیبون .

من ژی دژمارا (۱۳۹)ێ دا ڕڕوژنامە خوشتڤی هاوکاری گوتارەکا کورت نڤیسیبو ، بەرهەمێن وی ل ۲۹ ێ ژ چریا ئێکێ بەلافکر ، من دڤێت ژچەند لایەکێ دیڤە ژژمانو هوزانێت وی ڤەکولین :

قەدری جان لکوندێ دێرکێ لکوردستانا بزوری بتورکیای ڤەهاتیە گرێدان ، فرمانێ وی یێ ئەدەبی بسەرزمانێ ئەدەبی یێ خانی ومەلایێ جزیری ڤە دچیت ئوبەر فرەهتر چنکو قەدری جان شەهرەزا یەکامەزن هەبو دزارافێ دەڤەرێن دیدا . لەوخاسمە دزارافێ کرمانجی . بەرهەمێن قەدری جانی لهەر چار پشکێت کوردستانێ بەلاف دبون ،ژبەر هندێ بکوردیەکا ساناهی وتێکەل ژپەیڤێن هەمی دەڤەرا دنڤیسی وەکی :

ئەم دچن ، خوە ، دەریائی دەڤێ د (جەندگەل) نەول، بەرف باگەر ، تازی ، کوڤیان، بزدیان . ئارمانج . خویا . شون جێگە . بار . کروانێ مە . گوافارا رورناهی ژمارا (۱)ێ لسالا ۱۹۳۲ ێ بەغدا چما . چقاس . جەم . پیان . کور - کویر . نهان - دیارهیڤین ، خوەرا ، بکالە ، ئود هەوارێ داژمارا ۱۳ ێ لسالا۱۹۳۲ ێ شام . دیسان زارافێ بوتان یێ بکار ئینای وەکی (یێن) نەکو (یێت - یێد) وەکی پەردێن ، شەقێن ، نوکەرێن کوردین ، کەسێن، وی ژەهمی کەسێت دی کێم ترپەیڤێن بیانی بکار ئینایە ، دیسان قەدری جان وەلات پارێز بو ئو دەمەکێ دربز (سیاسەتێ دا) یاشول کری، شورشگێرەک بو یێ ببیرو باوەری ، دەنگێ شورشگێرێت کوردستانا تورکیا وەردگێڕا بو لاوێت مللەتی ، وەکی ڤان ڕێزا :

ئاخ وەلاتو ئاخ وەلاتو ڕوژا مە زوی لێ نەهاتو

باقو بڕێن چاوانن چما خەبەر ژێ نەهاتو
ئیشەف من دیت خەونەک بترس
قو کەرەمکی ژ من بپرس
ئەز جارەکێ دەست پێ بکەم داتو ببینی چ چقاس بترس

بێگومان زمانێ هەر مللەتەکی دیوارەکە ژچار دیوارێت بنگەهێ مانو بونێت وی مللەتی ،

هەر مللەتەک بزمانێ خو دبێنەچرای (فانوسێ) دهێتە نیاسین . چاوا هەر مللەتەک بێ ئێکە تیا ئابوری وجوغرافی ئومێژووی نەکاریت وەلاتێ خو بدەتە نیاسین وەسا بێ زمان تورو ڕەوشتێت وی مللەتی ناهێنەزانین ئەکەر زمانێ خو بدرستاهی بکارنە - ئینیت . دیسان پارچەکرنا هەر مللەتەکی دناف چار دیوارادا ، وەک پارچەکرنا زمانیە ، بەلێ گەلەک زمان مەێت دیتین بگەلەک (زاراڤا) شیوا دهێتەخاندنو نڤیسین ، ئەڤنە زیانەچنکی بنەتار هەئێکە ، هەکە زمان ئێک نەبیت دیارە ئەو مللەت ئێک نینە ، دڤیرەدا زمانێ جودایەئو شێوە (لەهجە) یا جودایە ، دڤێت ئەم لێ ڤالوزنەبین دڤیرەدا ژبلی شێوا لهەر دەڤەرەکێ دبیت تشتەکی ناف بکەن بتشتەکێ سەربخو ... نەکو هندەک بێژن ئەڤە جوداهیە .. نە ... وەکی لئامێدێ

دیمقرات : دهوک

ڕوژا گوندی مەغەوری بو
بیریا من دبیرێ نەهاتبو
من نەزانی چ سەروبەربو
× ×
ماکانی قیزکا بئەقیندار
بوچی ئەز هێلامە بریندار
بەلنگازو بەهلول شەهمزار
× ×
کەنگی دێ لمن هەلبیت نەوروز
دابینم زەری وەکی هەڕوژ
داگەش بم وەکی بشکوژ
× ×
نوبەدار بووم شەڤو ڕۆژا
ئو سالو دەم سالوهەیڤا
بەلێ چ بکەم کەتمەداڤا

دیمقرات دهوک

دەمابەیرەقداربلەشکرێ خوێڤەژ میسل دەرکەفتی بەرێ خوکرە ئامێدێی ، دەما سمائیل پشایزانی بهاتنا بەیرەقداری بوداگیرکرنا باژێرێ ئامێدێی ، وێژی لەشکرەک بەرهەفکرو لهیڤیو ڕاوەستا (لکانی تویێ)، بەیرەقدار گەهشتە کانی تویێ ئو بەیرەقداری شکەست نەشیا خولبەر لەشکرێ کوردا ڕاگریت زڤڕیڤە بەرەو میسل ، کوردلدیف چون گەلەک ژێ کوشتن تالانەکێ بەرزەحفژێ ستاند کوردزڤرینەڤە دکەیفخوش پاشی هەیامەکی بەیرەقداری لەشکرەکێ دی درست کر ئوڤیا ئامێدێی داگیرکەت ، بەیرەقدار بلەشکرێ خوڤە گەهشتە شێخانێ لوێری سمائیل باشا هەردولەشکر بنافێکەفتن بوشەڕەکێ گەرم ، لەشکرێ بلەشکری خوڤە هاتەبەراهیکێ لوێرێ نەشیا خوڕاگریت پشی گەلەک شەڕا ، بەیرەقدار ڕەڤی خود میسل دا ئاسێکر .

سمائیل پاشا زڤری هاتەدهوگێ ئو رەسولبەک هنارتە ئامێدێێ ئوکرەمیر لوێرێ .

تورکا بەلاخوژ میرمەحەمەدی ڤەنەدکر هەردەمدا هێرشکێ بەنەسەر دەڤەرەکێ ژوان دەڤەرایێتبن خوکمێ وی ڤە ، ڕڕاپو مروڤەکهنارتە تەهرانێ دگەل- ئاغەزەکێ بوشاهێ قاجار تێدا گوتێ کو هەرێکاریاوی بکەت - هەکە لەشکرێ تورکا هاتێ ، شاهێ قاجاری جاباوی دافەگوتێ تەچ بڤێت دیبوتەکەم ، لوی دەمی ڕوس یێ بێچارەبو خراب تر هارڕوژەکێ دائێک ڕابیتەسەرخو دابێژیت تەختێ حوکمی بومنە .

حکومەتا عوسمانلی لەشکرەکهنارت بوکوردستانێ دامیرێ - ڕواندرزێ ژێرفەرمانکەت ئوبن دەستکەت .

سولطان مەحمودی فەرمانەکدەرکر بنافێ دینێ ئیسلامێ بو مەلائەحیێ مزویری ئومەلامەحەمەدێ خەلی ئوبو مەلا - عزرائیلێ جزیری کوهاریکاریا لەشکرێ سولطانێ دینێ ئیسلامێ بکەن .

لسالا (۱۲۳۱)ێ هجری میرمەحەمەدی هندەک کارگەهو دانانلروانداڕێ بوچێکرن شیرا ئو خەنجەرا ئو تڤەنگا ئو طوپا، ئو بوداگرتنا فیشەکا ، بودارێتنا مەعدەنا ئو کارکرن دزێرێدا ئو بو دار کەرکرنێ ، دیسان لوی دەمی هەبون کو کافلانێت شیراچێکەن ،

ئاسنکەرەکێ شەهرەزا هەبو لروانداڕی دگوتێ (ئوسطاڕەجەب ئەوشیا پا دارێژیت ئودرستکەت ، دیسان ئێکی دی هەبودگوتێ (خانگێلدی) ئەوی خەنجەر دژەنین .

سەروکێ هەمیا میردیسان بو میرێ ڕواندزێ ، ڕەسول بەگ برایێ میرحەمەدی سەرگێڕێ هەمی شولو کاری بو ، ئەحمەد بەگ برایێ میر مەحەمەدی سەرلەشکربو ، حەمەدێ شێروانی ئو مامیس ئو سوارو ئو عبدالله ئاکووی ئو خدر دین ڤەسا ئەحمەدبەگێ دا ، حەمەد ئو صوفی ئاغا سەلەشکر هوسطا ڕەجەب سەرگێڕێ طوپائو فیشەکابو ، هوسطا ئیبراهیمێ ماویلی سەروکێ ئافاکرنێ ، حاجی مصطفی ئاغا سەرۆکی بازرگانابو ، ئەڤە هەمی کوم دبون هەرحەفت ڕوژا جارەکێ ، دادگەل ئێکودو ڤەگێڕنەڤە هەرشولەکا ڤیبابا کوهاتباکرن پاشی بریارا خو دەنە دەست ئەحمەبەگێ ئەوژی داچیتەنک میری دابو خوینیت دا کوئەو ژێ بزانیت .

میر مەحەمەدی پارە دانەژەنین ، ژیارێت وی دەمیی (بوزلەغ) ئەڤە (۱۵) قرویش بو .

ڕیال ئەف ڕیالە (۱۱) قرویش بو ، قرویش ئەڤە (۷) قرویشێ عوسمانلی بو .

جلق ئەف جلقە ¼ێت قرویشێ

ئەنیگر ئەڤە (٤) قرویش بو ، عوسمانلی بو ، خودابەندە ئەڤە ¼ قرویش بو ، شایی ئەف نیف قرویشبو ، هەرصەد قرویش زێرەکبو ئەف پارە هندەکزێر

بتوندی دبەنە سەرهندەکزارا .. ئەف زارە ێ دەرستنینە - ئەف زارە چێترەژێ دی ... ئەڤە بۆشنینە چنکی ئەو تورڤانێ وێ بکەت ئەو تورڤان نینە و هیچ ژزارا نزانیت ئەو کەئەنە پەرستە کلکائیستعماری یە ... دکومبونا زانیارێت کورد (مجمع علمی) دڤێت بدرستاهی پەرتوکەکێ دانن ببیتەشەنگستە بورێزمانا کوردی ، هەمی زارتێابن بدرستاهی (مفردات) ئەوبشێن بناغەکێ موکوم دانن دازمان بەرزەنەبیت - لا نەدەت - خار نەبیت ، هەمی دێکودو بگەهن ... چ چاکی تێدانینە بکوتەکی تشتەکی لسەر دەڤەرەکێ دانن کودڤێت بێژنە زێری ئالتون ... بێژنە رەژوێ خەلوس ... ئەزدبێژم ڤان مفرداتا پێدڤیە بکاربینن بێ لاگیری ... یە ... دکومبونا زانیارێت کورد (مجمع علمی) دڤێت بدرستاهی پەرتوکەکێ دانن ببیتەشەنگستە بورێزمانا کوردی ، هەمی زارتێابن بدرستاهی (مفردات) ئەوبشێن بناغەکێ موکوم دانن دازمان بەرزەنەبیت - لا نەدەت - خار نەبیت ، هەمی دێکودو بگەهن ... چ چاکی تێدانینە بکوتەکی تشتەکی لسەر دەڤەرەکێ دانن کودڤێت بێژنە زێری ئالتون ... بێژنە رەژوێ خەلوس ... ئەزدبێژم ڤان مفرداتا پێدڤیە بکاربینن بێ لاگیری ... ئەڤە زارە ێ دەرستنینە - ئەڤ زارە چێترەژێ دی ... ئەڤە بۆشنینە چنکی ئەو تورڤانێ وێ بکەت ئەو تورڤان نینە و هیچ ژزارا نزانیت ئەو کەئەنە پەرستە کلکائیستعماری یە ... دکومبونا زانیارێت کورد (مجمع علمی) دڤێت بدرستاهی پەرتوکەکێ دانن ببیتەشەنگستە بورێزمانا کوردی ، هەمی زارتێابن بدرستاهی (مفردات) ئەوبشێن بناغەکێ موکوم دانن دازمان بەرزەنەبیت - لا نەدەت - خار نەبیت ، هەمی دێکودو بگەهن ... چ چاکی تێدانینە بکوتەکی تشتەکی لسەر دەڤەرەکێ دانن کودڤێت بێژنە زێری ئالتون ... بێژنە رەژوێ خەلوس ... ئەزدبێژم ڤان مفرداتا پێدڤیە بکاربینن بێ لاگیری ...

فرەنسی ئان ئنگلیزی ئان ڕوسی - بعەرەبی نادانن هەر وەچکو عەرەب بتنێ دبیانی ... بێگانە ... ئەم هەمی دزانین زێرا ڤێ پرێ ژکوردستانێ یاژی دگەلعەرەبا دلێ وان ژمێژوەرە دگەلەک ئەوەڤەر یامای ئێخسیرێ هندەک ئاخفتنا حەتاکو وەکی عەرەبا دئاخڤن هەر وەسا دەڤەراکەتیەبن دەستێ تورکانێ عەجەمی ، دێ بینین کوردێت وێرێ دەما دئاخڤن نیف قەستێت وان فارسیە - تورکیە .

ڤێجار دڤێت (مجمع علمی) ڤان گرفتار ریا درستکەت زمانی کوردی قورتالکەت ژڤان چەپەلیا ، ئەمی لهیڤیێ وەکی - ێ گوهێ خو بکونا کەلەکێ ڤەزیی کو شویژنا باپیرێ وی ژدەستاڤەرەست بو چوبو دکەلەکێ را دەما ڕەشکاخو ڤەددوری .

سلیمانی دگەل هندێ کو قەدری جان شاهسواریێ قادارومانتیکی بو ، بەلێ پێنگاڤێن دویرتر دهاڤێتن بوڕیالزم ئوڕیالزماسوشیەلیستی کو هوزانا بوتەخێن جویارو پالا ئو ڕێنجبەرا دگوتن دناف جەرگی مللەتێ کورددا ، دئاخفت دگەل پاشەڕوژاوان .

بەگێ ئاخر زەمان ...
دوستێ من ...
دوژمنێ پوستێ من ..
بەگێ ئاخر زەمان ..
ئەوزەمبیلا توبێ هاتی ..
نەماداتێ ژ ئەسمان ..
لنافڕێ قەتیا ..
.. ئوکەت ..
کەت نافدەریاسور ..
دەریاسور ژێرا بوگر ..

دڤێت بێژین بیروباوەریێت وەلات پارێزی کارەکێ مەزنێ کریە سەر قەدری جان، کو هوزانێن وی پەترمەکری بن بیروباوەرێین ڕیالزماشورشگیری ئو هەردوی دەمێدا بیروباوەرێین سوشیالیستی ئو داخازا برایەتییێ ئوهەفپشکیێ یێ دناف بەرا هەمی مروڤەکی دگەل بونا مافێت میللی بو هەمی مللەتێن جیهانی هەروەلی دهوزانا وی دا کوژبەر زڤرینا سەروکو دلسوژێ مللەتێ کورد بارزانی لمشەختییێ لسالا ۱۹۵۹ێ دانای دیار دبیت .

ئازادبویە سلیمانی
سبە دورامۆشو وانی
مهاباد و سنە و بانی
ڕوژا کوردستانێ هەلات
شێرهات وەلات ..شێرهات وەلات
مزگینی لەوە بارزانی هات
بژی ئازادی ئوکوردستان
بژی ئاسایش لجیهان
بژی ئینسان ... برایێ ئینسان
ڕوژاکوردستانێ .. هەلات

« گوڤارا هیوا ژمارە ٤ سالا ۱۹۵۸ ێ بەغدا »

ئەڤ چەند بیناهیەگین کێم بون لدویف ژیهاتنا خو من لسەر قەدری جانی نڤیسین، هیڤی دکەم کومن ڕوناهی دابیتە قوڕنەتەکێ کێم لقەڕێژا ئو هەڤدەمێ دا بیروباوەرێن سەرهندەکزارا .. ئەڤ زارە ێ دەرستنینە - ئەڤ زارە چێترەژێ دی ... ئەڤە بۆشنینە چنکی ئەو تورڤانێ وێ بکەت ئەو تورڤان نینە و هیچ ژزارا نزانیت ئەو کەئەنە پەرستە کلکائیستعماری یە ... دکومبونا زانیارێت کورد (مجمع علمی) دڤێت بدرستاهی پەرتوکەکێ دانن ببیتەشەنگستە بورێزمانا کوردی ، هەمی زارتێابن بدرستاهی (مفردات) ئەوبشێن بناغەکێ موکوم دانن دازمان بەرزەنەبیت - لا نەدەت - خار نەبیت ، هەمی دێکودو بگەهن ... چ چاکی تێدانینە بکوتەکی تشتەکی لسەر دەڤەرەکێ دانن کودڤێت بێژنە زێری ئالتون ... بێژنە رەژوێ خەلوس ... ئەزدبێژم ڤان مفرداتا پێدڤیە بکاربینن بێ لاگیری ...

زانینا زمانێ کوردی

insitituti kurde de paris

شەیدای نیگایەکی گەرم

ئەی پیشانگاو کانگای جوانی ..
(هاتووم بدەم لەدەروازەی ... دڵی گەرمت ..)
بۆڕەنگیوا ..،
بڕژێنێتە .. ڕۆژ ژمێری ژیانمەوە ..
خورپەیەکی کامەرانی ..
هاتووم لەناو اخۆڵەمێشی ڕۆژانەوە ..
بەکلدارو میلچووکی ..،
جۆشدراوی شۆڕشەوە
پێڵوی چاوی خەوڵوی ناو ..،
ئەشکەوتم بۆ هەڵدەیتەوە ..
لەلاپەڕە .. ڕەشەکانی .. ئەلبومێکی ..،
بێ وێنەدا ..
پەڕەیەکی سپیو سۆڵم .. بۆ بکەیتەوە
ئەی پیشانگای چەپکە ووشەی خەماوی ..
بۆ پەیامێ هاتووم .. تیایا داماوی ..
چووزەرە بکاو .. زەوی شەق کاو .. ،
بێتە بان ..
بگەوێتە سەرە تاتکێ لەگەل نیگای ..
لێوێ گەرمی تێ کۆشان ..
وەك شەیدایە .. بئاڵێتەقژی خۆری ..،
پڕڕەنگا ..
وەك تامی ماچ .. ئۆخەی بکا ..،
بەدەروونی کچێکی شۆخ وشەنگا ..

هیشام تاهیر بەرزنجەیی
دەربەندیخان

بەشیری زانا

ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕوون ئەبێتەوە کە وتە بەنرخەکانی بەشیر واسادە نەبوون وەك لە کاتی خۆیدا خەڵکی بۆی ئەچوون . ئێستا بۆ زۆر کەس دەرکەوتووە کە هەر یەکێك لەو قسانە بێحیکمەتو بێمەغزا نەبوون وە بەڵگەن بۆ شارەزایی و زانایی بەشیر لەدەورو زەمانی خۆیدا . جا ئێمە بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم قسەیەمان بەڵگە بسەلمێنین هەر بۆ نمونە چەند قسەیەکی ئەگێڕینەوە :

● **ڕۆژێك یەکێك لە وەستا بەشیر ئەپرسێت :**

تۆ بۆ ناوی کوڕەکەت ناو ناوە «شامل» شامل چی یە ، ناوی ترت نەدۆزی یەوە ؟!

بەشیر زۆر بەهێمنی وەلەسەر خۆیی ئەڵێت :

ئەتۆ وادیارە یاغنشیت ،من کوڕەکەم بە ناوی «شێخ شامل»ەوە ناو ناوە .

ئەو سەردەمە کەس نەی ئەزانی «شێخ شامل» کێیە پاشان دەرکەوت «شێخ شامل»هەیەو زاتێکیش بووە ، هەق بەرستو خواناسو قارەمان«شێخ شامل» یەکێك بوو لە نیشتمان پەروەرە ڕاستودڵسۆزەکانی ووڵاتی قەفقاس کە ئەمڕۆ شوێنێکی دیاروناسراوی هەیە لەهەموو ووڵاتی قەفقاسو یەکێتی سۆڤیەتدا ،کەچی لەناو کوردا تائەم دوایی یەش کەس ناوی نەبیستوەمەگەر بەدەگمەن .

شتێکی کە

رۆژێك بەشیر بەیەکێك لەموریدەکانی خۆی ئەڵێت : بەڕاستی ئەتۆ «لۆرەنسی کوردیت» ئەوکاتە کەس نەی ئەیزانی مەبەستی بەشیر لەمتەشبیهە چی بوو ؟ کەچی ئێستا بۆ زۆر کەس ڕوون بۆتەوە کە ئەم (موریدە) هەمان ڕەوشتو خوی لۆرەنسی هەیە ، وەکو لۆرەنس خۆی لە کیتابەکەیدا باس ئەکات ، بەتایبەتی بەسەرهاتەکەی لەگەڵ ژەندرمەکانی تورکا !

جا«ئەو کەسە کەسە ،حەرفێکی بەسە»

جارێ ئەوەندە ، لەدەرفەتێکی ترا ، باس لایەنێکی تر ئەکەین لەلایەنە فەلسەفیو پێش بینی یەکانی بەشیری زاناو شارەزا هەر بەم بۆنەپەشەوە ، حەزئەکەین بلێین کە بەدەستمانەوەیە لەم بەینەدا ، کتابێکی گەورەو قەبە بە تەجلیدێکی ئاڵتون کە لەیادی دەساڵەی بەشیرا ئامێزو نایابەوە وە ناوەڕۆکێکی ئەرکی خۆیان بینیو یادیان بەشیری یاتەوە ، بنووسین .

سەرنج :

● پلەی ئەندامیش ئێستا لەکۆڕی بەشیر پەروەراندا بەم جۆرەی لێهات :

١ ـ ئەندامی بۆش .
٢ ـ ئەندامی کرێ گرتە .
٣ ـ ئەندامی هاوهۆش .
٤ ـ ئەندامی کڵاش پۆش .

لەدوایی دا ، بەپێویستی ئەزانین ئەو پەڕی سوپاسمان ، پێشکەش بە رۆژنامەی «بیری نوێ »و « هاوکاری » بکەین ، کە لەیادی دەساڵەی بەشیرا ئەرکی خۆیان بینیو یادیان نوێ کردەوە وە چەند جار لاپەڕەی رۆژنامەکەیان بۆ ئەم بەمەبەستە تەرخان کرد ، هیوامان وایە هەمیشە لەڕاستی وتنو هەقپەرستی بەردەوام بنو لەخزمەتی گەلو نیشتمان دوانەکەون کە بەشیریزم یەکێکە لە بنچینە گرنگەکانی .



بەشیری زانا لە٥-٤-١٩٦٣دالە نێوان دوو شاگردیا ، بەڵام لەبەر ئەوەی شاگردەکانی ئاگاداریان نەکردووین بۆیە هەر وێنەی مامۆستا بەشیرمان بڵاوکردەوە ..

کۆڕی بەشیر پەروەران

ئایا هەنگوێن ئەبێتە هۆی تەمەن درێژی؟

ئاردەلان

لەگەل پیشکەوتنی رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆدا کە ژیان خەریکە لەوسەریەوە بگەڕێتەوە ، تا ئیستە پەروەردە کردنی هەنگ لەوڵاتی کوردەواری ئیمەدا نەك تەنیا لە پلەی سەرەتاییدایە بەڵکو لەوانەیە بڵێم تەنیا ئەو کەسانە هەنگ پەروەدە ئەکەن کەحەزیان لەخواردنی هەنگوینە .

ئەم باسە ، پوختەی وتاریکە بەکورت کراوەیی لە گوڤاریکی (خواندینها)ی فارسیەوە وەرم گرتوە :

گوڤاری ناوبراویش ئەم وتارەی لەگوڤارێکی زانستی فەرەنساییەوە وەرگرتوە ،ئینجادام ودەزگای چاپەمەنی فەرەنسە لەبارەی هەرشتێکەوە گاڵتەبکەن لەبارەی زانیاریەوە بەراستی دەنوسن .

سەرەتای وتارەکە لێرەوەدەست پی ئەکات :

لەم رۆژگارە دریژەدا کەمرۆڤ لەگەل پەروەردەکردنی هەنگدا ژیاوە ، بەبیری کەسدانەهاتووە کە بۆچی هەنگە مێکان (کە ئیشکەری ناوپلورەن) تەمەنیان لە ٤٠-٤٥ رۆژ زیاتر تێناپەڕێت ..بەڵام شاهەنگ(١) تا پینج ساڵ تەمەن ئەباتەسەر ؟.

یەکەم جار زانایەکی وردی بەلچیکایی (مترلینگ) کتیبێکی لەبارەی هەنگەوەنووسیو ئەم پرسیارەی لە خەڵك کرد ، بەڵام نەیتوانی لەم بارەیەوە لیکوڵینەوەیەکی زانستیانە نیشان بدات ..چەند زانایەك ویستیان وەڵامی بدەنەوە لەپاش چەند بەراوردێکی زانستی بۆیان دەرکەوت کە هوی تەمەن کورتی ئەو هەنگە مێیانە ئەوەیە دوو جۆر هەنگوین دروست ئەکەن یەکەمیان هەنگوینی سەڵتەنەتی) واتەخوراکی شاهەنگە .. خواردنی ئەم چەشنەیان ئەبێتە هۆی تەمەن دریژی (وەکو گۆڤارەکە ئەڵی) هەرکەس ئەم هەنگوینە تایبەتیە بخوات ٤٠قات تەمەنی درێژئەبێو رەنگو روخساری لاو ئەبێتەوە . ئەم هەنگوینە بەتایبەتی خواردنی شا هەنگە،کە شاهەنگ تەمەنی پێی ئەگاتە نزیکەی پینج سال ..دووەمیان ئەم هەنگوینە ئاساییەیە کە مرۆڤ لەگەڵ هەنگە مێکان ئەیخون ..

دکتور (بلۆڤر) کە پزیشکێکی فەرەنساییەو خەریکی پەروەردەکردنی هەنگەو ماوەی ١٤ ساڵە لەموختەبەری (ئاپیسروم) لەپاریس خەریکی ئەم تاقی کردنەوەیەیە تا ئیستا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە خواردنی ئەم هەنگوێنە لەشی مروڤ بەهێز ئەکاتو تەندروستی ئەبوژێنیتەوەو هیلاکی لەلەشی مروڤدا ئەکوژێو هیزی زاووزێ (تناسل) تازە ئەکاتەوە .. لەپاش خواردنی ئەم هەنگوینە بە چەند هەفتەیەك مرۆڤ هەست بە بوژاندنەوەیەك ئەکات لەلەشیاو لۆچەکانی پیستی دەستو دەموچاوی نامێنێ .

ئەم هەنگوینە وەکو دۆزراوەتەوە شانەیەکی بچوکەو لەشوینیکی تایبەتی یا لەسەرەتای پلورەکەدا دروست ئەکرێو ئەو هەنگانەدروستی ئەکەن کە تەمەنیان لە نێوان پێنج رۆژو١٢رۆژدایەوە رەنگی ئەم هەنگوینەش لەوانی تر سپی ترە .

(١) هەنگێکی گەورەیە لەناوشانەکانا گەرا دائەنی ؟

لەیادی سەرکردەیەکی قارەمانو جوامێری کورد شێخ مەحمودی نەمرا - پاشماوە

وێران کراوە . ئێمە دژی ئەم جۆرە زوڵمو زۆرە داڵلە نەبەینەبەر دادپەروەری و مرۆڤ ویستیو ماف » .

هەروەها لەنامەی دووەمدا بەئاشکرا بیروڕای خۆی بەرامبەر شۆرشی ئوکتۆبەری مەزنو دەسەلاتدارێتی سۆڤییەتی نیشان ئەداتو دوای کۆمەكو یارمەتی لەم دەوڵەتە سوشیالیستی یە پێشکەوتن خوازە دۆست بەگەلانە ئەکات .

بەڵام خاڵی دووەمی ئەم بیرەوەری یە ئەو مەسەلەیەمان دێنێتەوە یاد کە بزوتنەوەی کورد ، بزوتنەوەیەکی جەماوەری پێشکەوتن خوازی هەق بەدەستی گەلێکی خاوەن شارستانێتی زۆر لێکراوەو دەست کردی هیچ کەسو سەرکردەو دەوڵەتو پارتیو کۆمەڵو لایەنێکی ناوخۆو دەرەوەو بێگانە نی یە . بۆیە ئەم بزوتنەوە شۆرشگێڕی یە بەهیچ لاو دەوڵەتو هێزێك لەناو نەچووەو ئەگەر جارێك بەچۆکاهاتبێت یان نوچێکی دابێت لەم گۆشە یان ئەو گۆشەی کوردستاندا زۆری پێ نەچووە هەر لەهەمان گۆشە یان گۆشەیەکی تردا بەشێوەیەکی ترو هەندێ جار رێکوپێك ترو توندوتیژتر هاتۆتەوە کایەو بەدروشمی روناك ترو لەشێوەیەکی راست تر قاڵب گرتوودا هاتۆتەوە مەیدانی خەبات لەپێناوی جێ بەجێ کردنی مافەرەوا نەتەوەییەکانی کوردو کوردستاندا .

بێ گومان لەم وتارە کورتەدا ناتوانین باسی پایەی شێخ مەحمودو نرخو بایەخی سەرکردایەتیو جوامێریو دەستو دەمو داوێن پاکی ئەم قارەمانە پایەبەرزەی کوردو کوردستان بکەین بۆیە وتارەکەمان بەوە کۆتایی پێ ئەهێنین کە بە شانازی یەوە بڵێین شێخ مەحمودی نەمر چەند پایەیەکی ئێجگار پتەوو قایمی بۆبزوتنەوەی کوردایەتی دامەزراندووەو ئەم سەرکەوتنو دەستکەوتانەی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان درێژەی ئەو خەباتە بێوچانە پڕفیداکاریەیە کە شێخ مەحمودی نەمر سەرکردایەتی کردووە هەرەکو هی ئەویش درێژەی بزوتنەوەکانی لەوەوپێشی نەتەوەکەمان بووە .

لەگەڵ

«بەختیار»ی هونەرمەندا

کاکە بەختیار سیامەنسوری قوتابی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان (بەشی نواندن)ی بەغدایە .. لە هەولێری لە دایك بوەو لەشاری خۆشەویستی کەرکوك قوتابخانەی ئامادەیی تەواو کردوەو هەر لەوێشەوە ژیانی هونەرمەندانەی دەستی پی کردوە .. بۆ یەکەم جار لە تیپی (سۆلاف) بەشداری لەشانۆگەری (سەری کرێ کوێرەکە ـ رأس الشلیلة)ی مامۆستا یوسف العانیو دەرهێنانی فاضل جافی هونەرمەندا کردوە .. ماوەیەکیش لە تیپی (مەشخەڵ) دا خەریکی تەمسیل بوە .. لە ئەنجامی هاندانی مامۆستایان (محمد عارفو سلیمان شاکرو مکرم فاتح)و پێشنیازی ئەوان روی کردۆتە ئەکادیمیاو بەشی (نواندن)ەکەی .. نیازو رازی هەرەگەورەی کاك بەختیار لە وەدایە : کە دایكو باوکان رێگا بۆ کچو کوڕانیان خۆش بکەن بۆ خوێندنی هونەرو بەشداربونیان لە بزوتنەوەی پیرۆزی هونەرو سەرکەوتنی پەیامی شانۆی کوردیمان .. ئەم بەلایەوە : (شانۆ لە چەکە هەرەکاریگەرەکانی هەر شۆرشگێڕێکی دلسۆزی کوردە ..) زۆر تامەزرۆی ئەو رۆژەیشە کە ببیت بە (دەرهێنەرێکی شانۆیی لێوەشاوە ..)

● **باشە کاك بەختیار .. جوڵانەوەی شانۆگەری لە کوردستانا چۆنی هەڵئەسەنگێنیو گیروگرفتە وردو درشتەکانی چین چاریان چیە ؟**

ـ ئەوەی راستی بێ ، جوڵانەوەی شانۆیی لە کوردستاندا ، بە شێوەیەکی باش هەنگاو بۆ دوارۆژ ئەهاوێژی ، بەتایبەتی و لەئەنجامی بونی دەستەیەکی باش لە تیپو هونەرمەندی رەسەنی وا ، کە ئێستا هەوڵی پێش خستنی ئەم هونەرە بەهایە ئەدەن ..من بەلامەوە دیارترین گیروگرفتی شانۆی کوردیمان لەوەدایە : کە کادیری (ئافرەت) مان کەمە ، یا هەر(نیە !) یا زۆر بە (دەگمەن) دەس ئەکەوێ .. سەرباری نەبونو کەمی تێکستی شانۆیی خۆماڵیو کوردی ..! چارەلای من هەر ئەوەیە کە بەر لە هەمو شتێك دان بەوەدا بنێین کە (شانۆ چەکێکە ، چەکێکی کاریگەریش ،لەدەست میللەتو شۆرشگیرانی میللەت) ئینجا دەس بکەین بە تەخت کردنی وردە تەنگوچەڵەمەکانی تری شانۆی کوردیمان ..

● **ئەی هەڵبژاردەترین تێکستی شانۆیی ، کە لەئەدەبیاتی جیهانیەوە ،وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردیو بە هۆی شانۆوە پیشانی خەڵك بدرێن چینو بەتایبەتی لەم قۆناغە تەنگو ئەنگوستە بەچاوەدا ؟**

ـ بەلامەوە ، ئەو هەوڵو رەنجەی تا ئێستا کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ـ سلێمانی ـ داوێتی بۆ وەرگێرانی چەند شانۆگەریەکی بە ناوبانگی ئەدەبیاتی جیهانی بۆ سەر زمانەکەمان ، وەك :(جەنابی موفەتیش)ی گۆگۆڵو (رژد)ی مۆلێر ، باشترین نمونەی ئەم مەبەستەنو لەگەڵ بارو زروقی میللەتی ئێمەدا ئەگونجێن ئەمەوێ ئەوەشتان لێ نەشارمەوە ، کە منیش بەپێی توانا ، تا ئێستا سێ شانۆگەری لەم بابەتەم وەرگیراوەتە سەر زمانەکەمانو بەدیاری هەڵم گرتوە بۆ کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ـ هەولێر ـ ، تا لە تەلەفزیۆنا بخرێتە بەرچاو .. کە ئەمانەن :

١ ـ شانۆگەری (خوازبێنی) شاکارەکەی کیخەف .
٢ ـ شانۆگەری (ئاگر کوژێنەوە)ی ڤلادیمیر بۆلیاکۆفی روسی .
٣ ـ شانۆگەری (کرپارە نالەبارەکە)ی ماکسی رینێی فەرەنسایی .

● **رات دەربارەی پێك هێنانی نەقابەیەك ، یا کۆمەڵەیەك کە هەموو هونەرمەندانی کوردو هەموو جۆرە پسپۆریەك بگرێتە خۆی ؟**

ـ بەلامەوە ، ئەم مەسەلەیە یەجگار گرینگە ، بەڵام من وای بە چاك دەزانم کە تیپێکی (جیاواز) بۆ (شانۆ) دابمەزرێو گرینگیەکی تەواویش بەم مەسەلەیە بدرێ تالەباردالێ بێ دەسبەسەراگرتنو تۆقاندنو هەراو ئاژاوەنانەوە ، هونەرمەندانی شانۆ بەرهەمەکانیان پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵکی تینوو بکەن ..!

● **تا چ رادەیەك شانۆگەری کوردی توانیویەتی رەنگی خەباتی دلێرانەی گەلی کورد بداتەوە وبیخاتە سەر تەختەی شانۆو پیشانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستانی بدات ؟**

ـ بێگومان شۆرشی پیرۆزی کوردستان ، کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر هونەری کوردی ـ شانۆ ـ کە لە ئەنجاما بو بە مایەی دورستکردنی (شانۆی شۆرشگیرانە ـ المسرح الثوری) کە باشترین جۆرە شانۆیە لە بۆ ئەمڕۆی گەلی کوردی قارەمان .. ئەمڕۆیش وردە وردە ، خەریکە ئەم شانۆیە نەشونما ئەکار هونەرمەندانی کورد روی تێدەکەنو کۆمەڵانی ئێمەش چێژو زەوقێکی شۆرشگیرانەو راستەقینەی لێوەردەگرن ..!

ئامادەکردنی
محمود زامدار

تێکۆشان لەپێناوی پەرەسەندنی بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان

عبدالله بەرزنجەیی

ئەگەر بێتو سەرنجێك لەباری کومەلایەتی جوتیارو لادێکانی کوردستان بدەین لەئاستی کومەلایەتیو گوزەرانی لادێکانی کوردستان بکولینەوەئەبینین جوتیارانی کوردستان لە مەیانی پیشکەوتنی کشتوکالیەوە زور لەدوانو بەزوری هەر ئەو کەرەستانە بەکار ئەهینین کە لەکونەوە باو بووە ، هەر لەبەر ئەوەشەکە بەرهەمی کشتوکالی جوتیاران بەسستی بەرەوپیش ئەچێ وەبگرە ئەتوانین بلێین لەپلەیەکدا ماوەتەوەو گیری خواردووە .

هەر بویە لەم رۆژەدا کەرۆژی پێشکەوتنی کشتوکالی یە ، گەلانو ولاتان بەتێگرایی هەول . ئەدەن کەبەرهەمی کشتوکالیان پێش بخەنو لەگەل پێشکەوتنو بەرەو زیاد بوونی (نفوس) لەولاتە کەیانا بەرهەمی کشتوکالیان پیش خەنو بوئەوەی تەرازویەك هەبیت لەنێوان بەرهەمو پیویستیدا . هەلبەتە ئەوەش تەنیا بەوە ئەبێ کەزیاتر هەول بدرێت جوتیاران پیش بکەون وەبە تەکنیکی تازە کشتوکال بکرێتو زەویو زار چاك بکرێتو پرۆژەی ئاو زۆر بکرێتو هەموو لایەك بگرێتەوە وە بەپەینی سروشتی وکیمیایی هەموو ساڵێك لە هەموو زەوی یەکی چاكدا کشتوکال بکرێت ، نەوەکا ساڵێك بکرێتو چەند ساڵێك بەجێ بهێلرێت .

بێ گومان ئەم کارانە بەرهەم زیادئەکەنو ژیانو گوزەرانی جوتیاران خۆشتر ئەکەن . وەلەبەر ئەوەی یەکیتی جوتیاران کومەلەکانی خاوەنی راستەو خۆی مەسەلەکەنو پەیوەندی راستەو خۆشیان بەجوتیارانەوە هەیەو نوێنەری قازانجی ئەوانن ئەتوانن زیاتر جوتیاران لەو بارەیەوە تێ بگەیەنن وەپتر گیانی تەکنیکی خوازی بخەنە ناویانەوە و گیرو گرفتەکانیان بۆجێ بەجێ بکەنو خاوەن عیلاقەش والێ بکەنو تێیان بگەیەنن کە باری ژیانی جوتیارانی کوردستان باشتر پێش بخەنوو هەنگاوی باشی بۆبنێنو . لەگیرو گرفتەکانیان بکولنەوە .

sififtiyi kurde de paris

پاشماوەی : پووداوەکانی هۆگەی چ لە ئەنجامدا

ب - دەقە (کرمانجی سەروو) ەکەی چیرۆکەکە ، ئەوەی کە (موراد خان) نووسییویەتی و (مۆکریانی) لەدەمی شێخ بەشیرەوە پێشەکی بۆ نووسیوە .. پتر لەجاری بۆمانی دووبارە دەکاتەوە کە زەمبیل فرۆشی کوردی شای دیاربەکر بووە :

زەنبیل فرۆش کوردی میرانە
لاوەکو بەژن حەریرانە
ل - ۱۵
دایك ڕابو دلەزینیت
جواب بو پاشا دگەهینیت
ل - ۱۸
وەزیران لخوە دجەمینیت
کوردی گازی دکات دینیت
ل - ۱۸

دەشڵی خودا ناسی دەکرد چونکە خەونێکی دیبوو .. مالو منداڵی دەبات و دەچێتە شاری ماردین و ئەم پووداوەی لەگەڵ (گوڵ خاتوون) دا - کە ژنی میری ماردین بووە - بەسەردادێت .

کە پاستی زەمبیل فرۆش دەردەکەوێت و دەزانرێت کە کوڕە شایە ، میری ماردین دەبینێتە کۆشکی خۆی و زەوانەی لای باوکە شاکەی دەکات ، ئەمەش بەپێی نامەیەکی خۆی و لەپاش باوکیشیدا دەبێتە فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر و ئایینی :

هەتا گەهشتە دیاربەکری
پەیابون ئەو لدەری قەسری
ل - ۳۲

ئەوەی کە لەپێشەکی یەکەی (مۆکریانی) پشدایە لە کتێبی چیرۆکی زەمبیل فرۆش دا کە لە (شێخ بەشیر) ی دەگێڕێتەوە .. دەڵێ کە : زەمبیل فرۆش میر سەعیدی کوڕی میرحەسەنی فەرماندەری دیار بەکرە . ئەگەر ئەم ووتەیەو دەقە (کرمانجی) ی زووروو) ەکە یشمان لێك دایەوە دەردەکەوێت کە زەمبیل فرۆش کوڕی شای ناوچەی دیار بەکر بووە ساڵی (۳۸۰ ی . هـ - ۹۹۰ ی . ز) ، ئەم چیرۆکەش لەماردین دا پرووی داوە ، ئەك لە (فارەقین) دا ، شایەکەش میر (حەسەن) ە (واتە ئەبو عەلی) ی کوڕی مەروان) ، کە لە دوای کوژرانی خاڵی (میر) بادی کوڕی دۆستەك) ی دامەزرێنەری دەوڵەتی دۆستەکی دا فەرماندەری کردووە ، ئەمەش (شێخ بەشیر) .. یان لە گێڕەرەوەکانی دەگێڕێتەوە ، یانیش لەبەشی تۆمارکراوی (دەستنووسی) چیرۆکەکەیە کە لەلای بووە (لە شێوەی چەند لاپەرەیەکی ئالۆزدا) .. هەرچۆنێك بێت ئەوەی کە (بەسری کونیار) دەیڵێ و ئەوەی کە (مورادخانی بایەزیدی) و مۆکریانی لە کۆکردەوەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە لەدوو خاڵدا یەك دەگرنەوە :

۱ - **ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان شای دۆستەکی حەسەنی کوڕی مەروانی شای دیار بەکر ، یان شایەکی تری دۆستەکی و چیرۆکی زەمبیل فرۆش دا بووە .**

۲ - **پەیوەندیی چیرۆکەکە بەناوچەی دیار بەکرەوە کە بە (ماردین) یشەوە بەشێك بووە لەخاکی دەوڵەتی دۆستەکی کورد .**

ئەوەی کە لێرەدا پرووبی دەکەینەوە ئەوەیە کە میر سەعید کوڕی میر حەسەن نەبووە ، بەڵکوو ئەمەی دوایی یان کوڕێکی بەناوی (سەنحاریب) ەوە یان بە ناوی (ئەلفەزل - الفضل) ەوە هەبووە ، کە لە ژنە کچی شای ناوچەی دیار بەکر (کوڵ خاتوون) دا بووە ، ئەمەش ئەوەی کە ئەرمەنی یەکەی بووبووی کە کچی شای (سنسنی یە ئەرمەندەکان) بوو ، بێجگە لەم کوڕەیش میرزوو باسی کوڕی تری نەکردووە . بڕوانە - میرزووی فارەقی - ل - ۷۸ ، ل - ۱۶۹ و (الدولة الدوستكية) ل - ۱۳۷ - ۱۳۸ و پێرستی ناوەو بەناوەی شایە دۆستەکی یەکان لەپاش ل - ۳٤۸ - ەوە .

ئەوەی شایانی باسە کە هەر بەم ناوەوە دوو میر هەن، یەکەمیان سەعیدی کوڕی مەروانی (مومەهیدو ددەوڵە) کە فەرماندەری لەدوای میر حەسەنی برای لە ساڵی ۹۶۷ ی . ز . دا گرتەدەستو .. دووەمیان میر سەعیدی کوڕی ئەحمەدی (نەسروددەوڵە)ی کوڕی مەروان .. دووریش نییە کە ئەمەی دوایان) (زەمبیل فرۆش) بێت ، چونکە هەندێ لە پووداوەکانی چیرۆکەکەی ئەو لەگەڵدا دەگونجێ .. کە لە براکەی شا نیزامەددینی نەمر تووڕە بوو کوردستانی بەجێ هێشتو و چووە کۆشکی سەرلتان (ئالپ ئەرسلان)ی سەلجووقی لە ئەسفەهان دا ، بەڵام لەساڵی ۱۰۶۳ی . ز دا گەڕایەوە لەگەڵ برایندا ئاشت بووەوە . کەچی دووبارە کوردستانی جێ هێشت بەتووڕەیی یەوە .. کەگەڕایەوە لەگەڵ سولتانی ناوبراودا هاتەوە ، سەرلەنوێ لەگەڵ برایدا ئاشت بوونەوە و بوو بە والیی شاری دیار بەکرو هەر لەوێدا ساڵی (۱۰۷۲) ی . ز کۆچی دوایی کرد ، پوختەی باسەکە لە (الدولة الدوستكية) ب -۱- ل -- ۲۷۳ ، ۲۷۶ -- ۲۷۹ دایە . لەوانەیشە کە چیرۆکەکەی لە دوور ووڵاتی یەکەیدا ، لە (ماردین) دا یان لەشوێنێکی تردا پرووی دابێ .

۳ - لە دەقە (کرمانجی) ی زووروو) ەکەدا ئەوەی کە (حاجی جوندی) بەڵاوی کردووەتەوەو مامۆستا محەمەد **تۆفیق وردی لە (أقاصيص شعبية كردية - ل -۱۰-۱۱)دا کردووە بە عەرەبی ، دووجار گوتراوە کە : ناوی زەمبیل فرۆش لە (ئەلسەفەر) دەچێ . ئەمەش شایانی ڕامانو پرسیارە چونکە ئەم ناوە عەرەبی یە گەلی سەیرو ، نەناسراوە بەگوێرەی ئەو ناوەعەرەبی یانەی کە لەنێو کوردەکاندا بڵاو بووەتەوە بەتایبەتی لە سەدەکانی دوایی دا ، کەواتە لەکوێوە ئەم ناوە چووە ناو دەقی فۆلکلۆری چیرۆکەکەوە .. کە ئەمە ناوی (ئیبن ئەبی ئەلسەفەر) وەیاد دەهێنێتەوەو ئەوەی کە لە کتێبی Diyarbakir ی باسکراودا ووتراوە کە دەشێ چیرۆکەکە ڕاڤەیەك بێت یان پەیوەندی هەبێ بە ڕووداوەکەی ئەبی سافرەوە (واتە مجمەدی کوڕی ئەبی ئەلسەفەر) .**

شتێکی تریش هەیە هەر لەگەڵ ئەو دوو سەرچاوەیەدا دەگونجێ ، ئەویش ئەوەیە کە (حاجی جوندی) لە چیرۆکی (زەمبیل فرۆش)دا نووسییویەتی کە (زەمبیل فرۆش) کوڕی شای ڕۆژئاوای کورد بووە . ئەم دەقە لەگەڵ ئەوەدا ڕێکە کە ئەو شای دۆستەکی یەی کە باسکردا ، (فارەقین) ، لەبەشی ڕۆژئاوای کوردستان دا بووە لەناوچەی دیار بەکردا ، بەتایبەتی کەستوری نەتەوەیی کوردستان لەو سەردەمەدا زێێ فووراتی ڕەت نەدەکردەوە ، بڕوانە (الدولة الدوستكية بابەت : سنوورو خاکی دەوڵەت) .

بەم جۆرە دەتوانرێ بنجی میژوویی گەلێ لە چیرۆکەکوردیی یەکان لە ئەنجامی بینا سین بەدڵنیایی یەوە نەمانزانی زەمبیل فرۆش (میر سەعیدی کوڕی نەسرو دەدەوڵە)یە یان (میر سەعیدی کوڕی مەروان)ە یان کەسێکی ترە .

بەم جۆرە دەتوانرێ بنجی میژوویی گەلێ لە چیرۆکەکوردیی یەکان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو پشکنین دا ئاشکرا بکرێ . گەلێ لە هێماکانی بکرێتەوە .. وەکوو چیرۆکی سیسیسەبان کە مەتەڵێکی کلیل دراوبوو (ئەفێ تەیران) بە هۆنراو لەسەدەی حەفدەهەمدا تۆماری کردبوو کە توانیم پاش پشکنینێکی سەخت ئەو مەتەڵە بکەمەوەو بگەڕە پاستی ئەو چیرۆکە کە ساڵی (۲۵ ی . هـ - ٦٤٥ ی . ز) پرووی داوە ، نەویش چیرۆکی شەڕی نێوان دانیشتوانی ناوچەی (سیسەبان)ی نێوان (ئەربل)و (خزران) لە (ئەرمەنستان) داو عەرەبە موسڵمانەکان کە بەسەرکردایەتی (حەبیبی کوڕی موسلیمە) بووە . بۆ ئەم باسەش تەماشای کتێبی (دیوانا کرمانجی - ل -۱۳۲- ۱۳٦) بکەن .

سەرچاوە باسکراوەکە زانیاری وای تێدایە کە پشتی پەکتر بگرێ و پەنجە بۆ چیرۆکی زەمبیل فرۆش درێژ بکا .. کە لەناوچەی دیار بەکردا پرووی داوە ، ئەوەیش ئەوەیە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسبێت بۆ لابردنی ئەو پەردەی لەزانیی یە یان لەیادچووبوونەوەیەی کە گەمارووی ئەو چیرۆکەی داوە کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا بڵاوە . هەرچەند کە نەمانتوانی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەستنیشان بکەین و بیناسین بەدڵنیایی یەوە ئەوا ئەوەی کە دەستنیشان کرا ئەوەیە کە ئەو چیرۆکە لە ناوچەی دیار بەکرەوە سەرچاوەی گرتووە و لەوێوە بڵاو بووەتەوە بۆ ناوچەکانی تر .

پاشماوەی : بەهیچ شتێك لەرووناچن ..

نەی گرتووەو ئەمجارەش حەمەڕەزا شا پزگاری بووە هەموشت لەپێشەوە ڕوون بووەو هەر بەخۆشی ڕاوەستاون تا نەخشە دەگاتە ئاخرین قۆناخی جێبەجێبوون !!

لەهەووی سەیرتر قسەی تەبلیغاتچیەکانی دەربارو تۆمەتی ناپەوای چلکاوخۆرانی نیمپریالیزم بەوهونەرمەندە شۆڕشگێرانەو ئەوڕوتە لەگیان - بوردووانەیە . ڕادیۆی نۆکەرانی ئیستیعمار بەبێ شەرمیەوە دەڵێ : « خە - ڕاپکاران نەخشەی کاڵو منداڵانەی کوشتن یا فراندنی شاو شاژنو ولیعهدیان کێشاوە » . ئۆیا ئەوە نەخشەیەکی منداڵانەیە کە ویستوویانە ماکی فەسادلەناو بەرنو ڕیشەی خەیانەت و نیشتمانفرۆشی لێبەن دەهێنن !! ئەو هونەرمەندە قارەمانانە بە لێکدانەوەیەکی ڕاستی وەزعی ئێستای ئێران تێ گەیشتوون کە « ئاو لە سەرچاوەوە لێلە » و بناخەی هەموو بەدبەختی و ڕۆژڕەشی خەلکی ئێران دەربارە پەهلەوی یە . جا ئەوەندەم بە لە خۆبوردووبی هەولی لەناوبردنی ئەودام و دەزگایەیان داوەو نەخشەیان بۆ کێشاوە . کەس نیە بەخێرا خۆی لە ڕێزدانفرۆشەکانی سازمانی ئەمنیەت بپرسێ ئەگەر فکری ڕووخاندنی کۆشکی زۆرداری لەڕیشەدەرهێنانی ماکەی خەیانەت و نیشتمانفرۆشی فکرێکی کاڵو منداڵانە بێ ، ئەدی فکری ژیرانەو نەخشەی ئاقلانە کامەیە ؟

تەبلیغاتچیەکانی ئێران چەندی لەدەستیان دێ بۆ فروفیشاڵ بکەنو بوختان هەلبەستن . ئەوە هیچ لە ڕاستی وەزعی ئێران ناگۆڕێ . ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خەلکی ئێران بڕیاری ڕووخاندنی ئەوحکوومەتەی داوەو لەو ڕێگایەدا لەهیچ فیداکاری و گیانبازیەك دڕێغ ناکا . شا خۆشی لەوڕاستیە گەیشتوە و ئەوەی دەیڵێ خۆفریودانە . بەڕاستی شا لە پێچکی کورسیەکەی خۆشی ئەمێنیە . ئەگەر ئەمڕۆ نەخشەیەك بۆ لەناوبردنی شا ئاشکرا بووەو ئیدیعا دەکەن کە لەپێشەوە ئاگایان لێبووە دەیان و سەدان نەخشەی تر لەکار دایە کە ڕوحیشیان ناگادار نیە . ئەگەر نەمیان سەرنەکەوتوە ئەوی تریان دەیگرێ و ئاخرەکەی دوایی بەدەسەلاتی شەیتانیی ئەمدامو دەزگایە دەهێنرێ .

پاشماوەی : پوستەی خوینەران

تۆوی ئازار ئەچێنین
گیانە هێشتا
لێوی وشکی زامەکانم
هەر تینوی ناو ناخی چاوتە
سۆزی هەستم
ژەمەن بوردەی بەهاری لێوتە

● **ئە خوشکە وەنەوشەوە :** کە ناوی تەواوی نانووسین نامەیەکمان بۆ هاتووە ئەڵێت: لە سلیمانی لە هەندی دائیرە هەندی وەظیفە ئەللان ئەکرێت و امتحانیشی بۆ ئەدرێت کەچی کە دێتە سەر تعیین کردن ، ئەو تعیین کردنانە هیچ عیلاقەیان بە امتحانەکانو مەرجی تعیین کردنەکانەوە نیە .. وەکو نووسێوێتی هەر لەوە پێش چەند کەسانێك بۆ ئەو وەظیفانە تعیین ئەکرین .

● **نامەیەکمان لەکاك - محمد جميل صديق -ەوە بەناوی سێ کەسی تریشەوە**

نە تەوەی کورد سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەب دژی زایۆنیزمو ئیمپریالیزم بەسەرکەوتنی خۆی ئەزانی - پاشماوە

پێك هاتوون بەو پەڕی تواناوە لەجەنگی سەربەرزانەی دژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزمدا بەشدارن و خۆینی لاوانی کوردو عەرەب پێکەوە لەپێناوی لەناوبردنی زوڵمو زۆرو داگیرکردندا تێکەڵ بەیەکتری ئەبێت .

ئیتر بەم بۆنەیەوە جارێکیتر ئەو ڕاستی یە ئەخەینە پێش چاو کە سەرئەنجام هەرگەلان سەرئەکەوێو ئیمپریالیزم ژیر ئەکەوێت وە گەلان ماوەیەکی تر بەو ڕۆژە ڕوناکە شاد ئەبن کەچەو ساننەوەی نەتەوەیی و چینایەتی تیا ڕائەماڵرێت .

پاشماوەی : شیلی جون بەم ئەنجامە گەیشت

ئەبێ لەوشێوە بیرکردنەوەیە بکۆلینەوە کەکاری پێ بەریوە ئەبرا ، وەسەیری ئەوە بکەین کەچۆن لەبەرەی دوژمن ئەگەشتن و هێزی خۆیان و ئەوانیان چۆن هەڵئە سەنگاند، ئەلێندی لەباتی ئەوەی بەڕێگای شورشی گەلی چەکداردا پشت بە کرێکارو جوتیارانی هوشیارکراوەو ڕێزکراو بڕوات لەسەر ڕێگای دیموکراتیانەی ئاشتی خوازانەدا بەردەوام بوو وە لەمەدا پشتی بە کرێکاران و زەگوریشەی دیموکراسی شیلی بەستبو .

بەرامبەر ئەم « ئەرمیەی » ئەلیندی هیزە کۆنەپەرستەکان خەریکی ڕێکخستن و پتەوکردنی بوون و مەشقیان ئەکرد ، وەئەم جۆرە پێشاندانانەی کۆنەپەرستان بەس بوو کە ئەلیندی وریا بکاتەوە لەوە ڕاستیە بگات کە هەر ئەبی بەتوندو تیژی ئەکرێت بەرەنگاری کۆنەپەرستان بکرین . لاوەکانی حیزبی سۆشیالیست ئەیانویست کە بەزەبری چەك بەرەنگاری کۆنەپەرستان بکرێت ، کەچی ئەلیندی دودڵبوو ، وە کاتێك لاوانی شورشگێری ناو حیزبی سۆشیالیست کەناوی اف . ئۆ . ب » یان لەخۆیان نابوو ڕەزیری ناوخۆی حکومەتی (فرایان) گوشت کە ئەوکاتی خۆی هۆی کوشتنی دەیان کرێکاری شیلی بوو، ئەلیندی زۆر پەست بوو وەوتی هەموو تەنکو چەڵەمەیەك بەرەمی و دیموکراتیانە چارەسە بکرێت ئەوانەی کارەکەشیان کردبو گرتنی و بەگشتی ئەتوانین بڵێین بەڵای کەمەو ئیستا لەشیلی ئەیانزانی کە ڕوژێك لەگەڵ کۆنەپەرستاندا هەر بەیەکا ئەدەن ، جا بۆیە ئوردوگای ئایبەتیان بۆ مەشق کردن دامەزراندبو ، بەڵام ڕێکخراوی (میر) ئەمانەی بە چەپەڕەوی هەرزەکار ئەدایە قەڵەم هەرچەند هەردولا لەمەسەلەی خەباتی چەکدار ، یەك ئیستا ڕاستەقینە بەرپاکەنو گەڵ هەردولا دژی ڕێژیمی فاشیستی کودەتا کۆنەپەرستو هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك ڕزگاربکەن ، هەموو ئەم تەنکو چەڵەمانە وای هەرچەندە گەیشتن بەم لێ نەکردن کە تۆزێك زەبروزەنگ بنوێنێ ، تا کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ڕابوردو . وە ئەو کودەتایە ڕێکایەکی لەناو ناکۆکی یەکانی لەناو پەرلەمانەوە ئەبێ لەوشێوە بیرکردنەوەیە بکۆلینەوە کەکاری پێ بەریوە ئەبرا ، وەسەیری ئەوە بکەین کەچۆن لەبەرەی دوژمن ئەگەشتن و هێزی خۆیان و ئەوانیان چۆن هەڵئە سەنگاند، ئەلیندی لەباتی ئەوەی بەڕێگای شورشی گەلی چەکداردا پشت بە کرێکارو جوتیارانی هوشیارکراوەو ڕێکخراو بڕوات لەسەر ڕێگای دیموکراسی ئاشتی خوازانەدا بەردەوام بوو وە لەمەدا پشتی بە کرێکاران و زەگوریشەی دیموکراسی شیلی بەستبو .

بەرامبەر ئەم « ئەرمیەی » ئەلیندی هیزە کۆنەپەرستەکان خەریکی ڕێکخستن و پتەوکردنی بوون و مەشقیان ئەکرد ، وەئەم جۆرە پێشاندانانەی کۆنەپەرستان بەس بوو کە ئەلیندی وریا بکاتەوە لەوە ڕاستیە بگات کە هەر ئەبی بەتوندو تیژی ئەکرێت بەرەنگاری کۆنەپەرستان بکرین . لاوەکانی حیزبی سۆشیالیست ئەیانویست کە بەزەبری چەك بەرەنگاری کۆنەپەرستان بکرێت ، کەچی ئەلیندی دودڵبوو ، وە کاتێك لاوانی شورشگێری ناو حیزبی سۆشیالیست کەناوی اف . ئۆ . ب » یان لەخۆیان نابوو ڕەزیری ناوخۆی حکومەتی (فرایان) گوشت کە ئەوکاتی خۆی هۆی کوشتنی دەیان کرێکاری شیلی بوو، ئەلیندی زۆر پەست بوو وەوتی هەموو تەنکو چەڵەمەیەك بەرەمی و دیموکراتیانە چارەسە بکرێت ئەوانەی کارەکەشیان کردبو گرتنی و بەگشتی ئەتوانین بڵێین بەڵای کەمەو ئیستا لەشیلی ئەیانزانی کە ڕوژێك لەگەڵ کۆنەپەرستاندا هەر بەیەکا ئەدەن ، جا بۆیە ئوردوگای ئایبەتیان بۆ مەشق کردن دامەزراندبو ، بەڵام ڕێکخراوی (میر) ئەمانەی بە چەپەڕەوی هەرزەکار ئەدایە قەڵەم هەرچەند هەردولا لەمەسەلەی خەباتی چەکدار ، یەك ئیستا ڕاستەقینە بەرپاکەنو گەڵ هەردولا دژی ڕێژیمی فاشیستی کودەتا کۆنەپەرستو هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك ڕزگاربکەن ، هەموو ئەم تەنکو چەڵەمانە وای هەرچەندە گەیشتن بەم لێ نەکردن کە تۆزێك زەبروزەنگ بنوێنێ ، تا کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ڕابوردو . وە ئەو کودەتایە ڕێکایەکی لەناو ناکۆکی یەکانی لەناو پەرلەمانەوە

ئەو هاتووە ، باسیی بێ بەختی شاری سلیمانی ئەکات که دانیشتوانی (۱۵۰) هەزار کەس زیاتر ئەبێو دکتوری تایبەتی نییە ، وەئەڵێت ئەوانەی شمارەزایبەکیش پەیدا ئەکەن ئەوەندەی پێ ناچێت شارەکە بەچێ نەهێڵن وە ئەڵێت بۆ کەلێ نەخۆشی دانیشتوانی شارەکە ناچارن ڕوو بکەنە بەغداو کەرکوك کە پارەیەکی زۆریان لە کیس ئەچێت لە کۆتایی و تارەکەیادا لە کاربەدەستانی تەندروستی عیراق ئەکات چەند دکتوریکی تایبەتیان بۆ سلەیمانی بە تایبەتی دکتوری گوێو لوتو گەرو ..

پاشماوەی : کۆماری دیموکراتی گینیا بیساو جوتیاران .

هەروەها دەربارەی مەسەلەی دادگەری و لێپرسینەوەش لەهەموو ناوچەیەکدا دادگەر (حاکم قضائی) لەلایەن خەلکەکەوە هەڵبژێردراو بەناوی گەلەوە لە ڕووداوە تاقەکەسی یەکان دەکۆلنەوەو بەگوێرەی دادو بنەڕەتیەکانی لوتکەی سەوزی نەفەریقای دامەزراند .

جگە لەم دامودەزگایانە ، ڕێکخراوە سیاسی یەکانی پارتی سەربەخۆیی گینیا - بێساویش دەوری کاریگەری خۆیان دەبینن و کادیرەکانی ئەم پارتیە چالاکانە دەچنە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە بەبیری ئازادیخوازانە هۆشیاریان دەکەنەوەو گرنگی یەکبوون و پشتگیرکردنی پارتی شۆڕشیان بۆ دەردەخەن ...

● **پێویستی یەکانی پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی :**

بێ گومان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ولات شۆڕشگێرانی گینیا - بێساوی خستە بەردەم بارو ڕووەو چەند پێویستی یەکی ئەوێوە ، کە پێویستە بەرامبەریان بەوردی و چالاکانە بجوڵیتەوە .. ئیمپریالیستەکانی پورتوگال ئەگەر ڕاگەیاندنی ئەم هەنگاوە تۆزێ گێلیو یاخود نەرمیان (نەرمی لە بێدەستەلاتی ...) پێشان دابێ ، ئەوا لەمەودوا ئەکەونە پەلو پۆ هاویشتن و دامو دەزگاکانی ئەمەریکاو بەریتانیاو ڕەگەزپەرستەکانی ئەفەریقیاش بە هەموو توانایەکیانەوە دێنە مەیدانەوە ، بۆ پووچەڵ کردنەوەی هەنگاوە مەزنەکەی گەلی گینیا - بێساو ...

★ چۆنێتی بەڕێوە بردنی ناوچە ڕزگارکراوەکانی :

لەپاش جەنگێکی شۆڕشگێرانەی گەرم دژی هێزەکانی پورتوگال ، شۆڕشگێران توانیان دووسێ - یەکی خاکی گینیا - بێساو ڕزگار کەنو بەم جۆرە ناوچەیەکی فراوان کەوتنە ژێردەستیانەوە کە پێویست بوو بۆمباو فڕۆکەو تانك و چەك و چڵەهزار سەربازیان خستۆتە کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشێکی دڕندانەی تونددا هێرشێکی دڕندانەی ئەنجامدا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئامانجی سەربەخۆیدا تێ نەپەڕیوە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی گینیا - بێساو ئەیانەوێ بیشێلن و لەناوی ببەن ، بەڵکو ئامانجی ئەوە بووە کە ئەو ڕاستیە بشێوێنن کە ئەو سەربەخۆیی یە ڕاستەقینەیە کە گەلی گینیا - بێساو بەدەستی هێناوە ، ئەو ڕاستیە

شاعیری ڤیتنامی ڤیان ثان یو

دونیێ ..
گۆرانیمان ، بۆ جۆگەلەو باڵندە ساواکان ئەوت ..
بە گوڵە جوانەکانو ..
هەڵهاتنی ئاسۆمانا هەڵ ئەدا ..
گۆرانیمان ، بۆ ئاسمانو دڕەختەکان ئەوت ..
بەڵام ئەمڕۆ ..
ئەی ئەو ئازایەتیەی لە نازاری گەلا دڕووست بوی..
گۆرانی بۆتۆ ئەڵێین ..
من دڵنیام ..
ئەو منالە چاوگەشەی لەکەرۆشکێکی سڕک ئەچێت
گیانی رابوردوو ئەدۆزێتەوە ..
لاشەی پاشەڕۆژ نەپاریزێ...
لەم دەنگەدا ..
دەنگی خۆشەویستیم بۆتۆیە ..
ئەی ئەو ئازایەتیەی لە توپەیی گەلا دڕوست بووی
ئەو هەوێنەی
بۆ ڕووی مرۆڤی ئەم چەرخەت هێناوە ..
ئەو هەوێنە ..
لەگیانی گەل دڕووست بووە ..

گۆڕینی : بەهرە

بۆئاگاهی

وێنە و هەواڵ

● ئەمە وێنەی گۆرانی بێژو ئەکتەری ناسراوی ئیتالیا (لوشیانا تۆرنیا) یە کە تەمەنی ۲۷ ساڵەو قورساییەکەی ۱٦۰ کیلۆگرامە ، دوا کاری هونەری بەشداری کردنی بووە لە فلیمی ناوپان سێ سەربازەکەیە تۆرنیا ئەڵێ : ئەمەوێت ئیتر واز لە گۆرانی وتن بهێنم چونکە ئەوەندە قەڵەو بووم ناکرێت لە گەڵ مۆسیقای گۆرانیەکانا هەڵسوڕێم ، بەڵام ئەم قەڵەوییەم لە فلیمی سینەماییدا نابێتە کۆسپ .

● ئەم کابرایە ناوی «صلاح فاید»ەو لەشاری ئەسکەندەریەی میسر خەریکی وەرزشێکی سەیرە ، ئەویش فرینە بەئاسمانا بەهوی جۆرە پەردەیەکەوە کەوەکو بالی شەمشەمەکوێرە دروستی کردوەو بەپەتێکەوە ئەیبەستێتەوەبە بەلەمێکەوە، کە بەلەمەکە بەخێرایی بەناو ئاودا ئەڕۆات ئەمیش بەرز ئەبێتەوەو بەئاسماندا ئەفرێت

● ●

● ئەمە وێنەی ئەو دوو خوشکەن کە بەیەك ساك لەدایك بوونو لەیەکتری ئەکەنو ئەوەش سەیرە هەردووکیان پێکەوە لە کومپانیایەکی فرۆکەوانی دا ئیش ئەکەن ، جارێ ڕێ ئەکەوێت هەردووکیان لەیەك فرۆکەدا خەریکی خزمەت کردنن ئەم لەیەك چونەیان بوتەهوی ئەوەی پیرێزنیك ببوریتەوە ئەم دووداوەش بەم جۆرەبوە : ئەم دوو خوشکە یەکێکیان ناوی- ئان -ەو ئەوی تریان « شایلا » ، « ئان » قاوەیەکی گەرم پێشکەش بەپیرە ژنەکە ئەکات ، پیرەژن جوانی ئان سەرنجی ڕائەکێشی و تا لەچاوی ون ئەبێ تێی ئەڕوانێ لەوکاتەدا « شایلا »ی خوشکی دێتەو بەسینیەك بسکیتەوە لەبەردەم پیرژنەکەدا ڕائەوەستێ .. کە پیرەژنەکە سەرهەڵئەبڕی و چاوی پێی ئەکەوێ بێ جیاوازی لە - ئان - ئەچێت و (ئان)یش لەبەرچاوی خۆی بەرەوژوری فروکەوانەکان چووە ، لەسەر سورمانیا ئەبوریتەوە .. لەبەر ئەوەکومپانیاکە بریاری داوە ئەم دوو خوشکە لەئیش کردنا لەیەك جیا بکاتەوە .

مایاکۆفسکی : تابلۆیەکی ڕۆستەو .
مایاکۆفسکی : لە فلیمی (ژیان لە پارە خۆشەویستترە) .
مایاکۆفسکی : وێنەی ئافرەتێك .

مایاکۆفسکی شاعیرو وێنەکێش و ئەکتەر ..!

زۆر لە خوێنەرانی کورد ، تا ئیستە هەر ئەوەیان دەربارەی شاعیری گەورەو نەمری سۆڤیەت مایاکۆفسکی زانیوە . کە شاعیرێکی شۆڕشگێڕو لێهاتو بووە ، بەڵام ناوبراو سەرەڕای بەهرەی شاعیری وێنەکێشێکی سەرکەوتوو ئەکتەرێکی بەتوانای سینەمەش بووە . سەرەڕای ئەوەی - سیناریۆ - زۆر فلیمی نووسیوە . ئەمسالیش کە یادی هەشتا ساڵەی لەدایك بوونی کرایەوە لەو پیشانگا گەورەیەی لەموسکو بۆ پیشاندانی پاشماوەکانی شاعیر کرایەوە ، چەند تابلۆیەکی نوێی تیا نیشاندرا کە لای هاوڕێکانی مابوونەوە .

لێرەدا دوو تابلۆی مایاکوفسکیو وێنەیەکی لەو فلیمە بڵاو ئەکەینەوە کە بەناوی (ژیان لە پارە خۆشەویستترە) وەئەم بەشداری تیا کردوە .

تابلۆی سەرکەوتن ؟

لە تەموزی ساڵی ڕابوردوودا ، لەوڵاتی ئینگلتەرە ، خۆپیشاندانێکی جەماهیری فراوان بەڕاکرا ، بۆ پشتگیری ئەو کرێکارانەی لەبەندەرەکانی ئینگلتەرە مانیان گرتبو ، ئەو مانگرتنە نمونەیەکی بەرزی تێکۆشانی چینی کرێکارانی ئینگلیز بوو ، ئەنجامەکەی سەرکەوتنی کرێکارەکان بوو .

هونەرمەند (دین جونس) لەم تابلۆیەدا دیمەنی ئەو ڕۆژە پیشان ئەدات کرێکارەکان تیایا سەرکەوتن ، ڕەخنەکانی ئینگلیز تابلۆکەی جونس بە سەرکەوتوترینو بە ماناترین تابلۆی ئەو پیشانگایە دائەنێن کە لەم دواییەدا لەهولی ئەکادیمی یەی هونەرە جوانەکانی لە لەندەن کرایەوە ، ئەوەی شایەنی باسە ئەمە ۲۵۰ ساڵە لەو هولەدا هەموو ساڵێك پیشانگایەك بۆ تابلۆی هونەری نوێ ئەکرێتەوە .

دیسانەوە دەربارەی شەپۆلی خونفوسی یەت لە سلێمانی

کاك جەلال حەسەن لەسلەیمانی ، دەربارەی وتارەکەی کاك فەهمی قەرەداغی کەلەمەر خونفوسیی یەتەوە نووسی بووی نامەیەکی بۆناردوین تیایا ئەڵێت :

دەربارەی ئەم جۆرە باسانەوەکو کاك فەهمی قەرەداغی ڕەچاوی کردووە ، شتێکیزۆر باشە بۆ ئەوەی وەکو کزەبایەك بەلای ئەو جۆرەگەنجانەدا بڕوات ، بەڵام چەند سەرنجێكو ڕەخنەیەكهەیە کە کاکی ناوبراو بازی بەسەرا داونو خۆی دوورخستۆتەوە وەکوو :

١ - کاکی ناوبراوخونفوسی یەت ئەخاتە ئەستۆی قوتابی ، کە ئەمە بەهیچ جۆرێك ڕاست نیە ، چونکە تەنها کۆمەڵێکی « مراهق»تەمسیلی گشت قوتابیانی کوردستان ناکەن . وە بەهیچ جۆرێ ئەو کۆمەڵەش ناحەقیان ناگرین چونکە لەکۆی وەفێری ئەوەبوون ؟ لەمانەوە :

- لەفلیمی ڕۆژئاواییەوە .
- لەسەرو سیمای هەندێك مامۆستاوە .
- لەو کەسانەوە کە لافی پرۆلیتار لێدەدن لە کۆڵانەکانی (عەقاری)دا .

٢ - کاکی ناوبراو خونفوسی یەت بە بەرەڵلایی دائەنێت بەڵام هەزارەها ئیشی ناڕەوا لەکوردستاندا ئەکرێتو کەسیش ناپرسێت ئەم بەرەڵلاییە بۆ ؟ جگە لەوەی کە ئێمە پرسیار ئەکەین :

- بۆچی ئەو فلیمەڕۆژئاواییانەی کەپێشکەش بەدانیشتوانی سلەیمانی ئەکرێن بەرەڵلایی نیە ؟
- بۆچی خونفوسەکان ناتوانن بیروباوەڕی پێشکەوتوانە هەڵگرن ؟!
- بۆچی خونفوسی یەت بەدەردی کۆمەڵ بزانینو بوچی بەمۆدێلی تێنەگەینو چاوەڕوانی لاچونی ئەو مۆدیلە نەکەین وەکو گشت بابەتەکانی تری ئەم دنیایە ؟!

تێبینی یەك لە

(هاوکاری)یەوە :

هەرکەسێك ڕەخنەی لەنووسەرێك بگرێتو ئاماژەی بۆ نووسەرە بهێنیت ئەبێت خۆشی ئاشکرای خۆی بنوسێت چونکە ڕەوای هەق نیە دەسەڵات بدات بەخۆی ناوی ناشکرای خەڵکی بهێنێو کەچی لەهەمان کاتدا ناوی خۆی لەخەڵکی یان هیچ نەبێ لە ڕەخنە لێگیراو بشارێتەوە . بۆیە بەناچاری ناوی کاك (جەلال حەسەن) مان نووسی هەرچەندە داوای کردبوو ناوی نهێنی بلاوێکەینەوە وە تا سەرپشی لەسەر ئەم ڕێبازە ئەڕۆین تکامان وایە لەنووسەرانوخوێنەرانی (هاوکاری)یەڕەوی ئەم تێبینی یەمان بگەنێوسوپاس .

- هاوکاری -

گۆشەی ئافرەتان

شیرین عباس

بۆئەوەی ئاسودەیی کورپەکەت ببینو لەکاتی سك پڕیدا ئارەحەت نەبی . هەڕوەها بۆ ئەوەی منالەکە شت لەسکتا بەباشی تەشو نمابکاتو تەندروستی باشبێت ، وای بەباش ئەزانین کە پەیڕەوی ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە بکەیت :-

● تاوەکو بۆت ئەکرێ باش بخەوە ، وە ماوەی خەوتنەکەت لە ٨ سەعات کەمتر نەبێ ، بائەو شوێنەی تیایدا ئەخەوێت هێندێو هێمن بێ، چونکە جێگای ناهمین کاد ئەکاتە سەو حالەتی نەفسی تۆو منالەکەش عەزیەتی ئەبێ .

● پیویستە خوت لە جگەرەکێشانو قاوەو چاوو شتی تووندو دوور بخەیتەوە .

● خۆ ئەگەر بۆت بگونجێ سوکە وەرزشێکی تایبەت تیش بکەیت باشە بۆ ئەوەی خوێنو دەمارەکانی لەشت چوستو چالاك بن .

● دەربارەی خواردن . تا لە تواناتا هەیە خواردنێ بخۆ کە بەئاسانی هەزم ببێ وەکو شیر ، هێلکە ، گۆشتی سپی ، میوە ، سەوزە ..

● جلو بەرگیش ، لەکاتی سك پڕیدا بێویستە فراوان بێ چونکە کەلوپەلی تەسك ئازاری خۆتو منالەکەت ئەدات . خوشکی خوشەویست کاتی کە تووشی دڵەکزێ یاخود سەرئیشە بویت یان قاچت ئاوساو ڕەنگت زەردبوو ئەوا پیویستە سەر لەپزیشکی تایبەتی بدەیت چونکە ئەمانە لەوجورە نەخۆشی یانەن کە تووشی ژنی سك پڕ دێن .

خۆئامادە کردن

بۆ کونگرەی چوارەمی یەکێتی نووسەرانی کورد

ئەمڕۆ یەکێتی نوسەرانی کورد ، لەمەلبەندی گشتی لەبەغدا ، کۆبونەوەیەکی فراوان ئەبەستێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کاروبارانەی پێویستە بکرێن بۆ بەستنی کونگرەی چوارەمی یەکێتی .

لەم کۆبونەوەیەدا ، دوو نوێنەر لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری لقەکانی یەکێتی لەشارەکانی کوردستان ئامادە بوون .

شەوی بوکێنی

هونەرمەند ئەحمەد خەلیل ئاوازێکی بۆ بەرمانەیەکی گۆرانی کوردی بەناونیشانی (شەوی بوکێنی - زفە عرس) بۆ بەشی کوردی ئیستگەی بەغدا داناوە .

گۆڤاری هاوکاری

گۆڤاری هاوکاری ژمارە (۱۸۸) ساڵی ۱۹۷۳ بڵاوکراوەیەکی وەرزی و ڕۆشنبیرییە

خاوەنی ئیمتیاز : ئەنجومەنی ڕێکخستنی هاوکاری

سەرنووسەر : ئەحمەد تاهیر

ناونیشان : بەغدا - ئەنجومەنی ڕێکخستنی هاوکاری

تەلەفۆن : ٨٨٨٨٠٠

چاپخانەی : ئەنجومەنی ڕێکخستنی هاوکاری

Institut kurde de paris